# مشتێك لە فۆلكلۆری دەڤەری پشدەر


د. حوسێن غازی کاك ئەمین
زانکۆی ڕا پەڕین
ی. سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری کارگێڕی و دارایی

م.ی. خۆشناو عەزیز حەئەمین
زانکۆی ڕا پەڕین
فاکەڵتیی پەروەردەی بنەڕەتی
بەشی کوردی


**پێشەکی**

بەرهەمی کۆن و ئەدەبیاتی فۆلکلۆری هەر گەل و میللەتێك، بەشێکی دانەبڕاوە لە مێژووەکەی و گرنگی پێدان و لێتوێژینەوەی ئەو سامانەش، مایەی ڕووناککردنەوەی ڕێگا تاریکەکانی ئەمڕۆ و هەنگاونانە بەرەو ئایندەیەکی گەش... .

گەلی کوردیش لەم بوارەدا خاوەن گەنجینەیەکی لە بن نەهاتووە، چەند لە سەری بنووسرێت و لێتوێژینەوەی لەسەر بکرێت، هێشتا هەر کەمە و پێویستی بە شەن و کەوکردن و لێدوانی زیاتر هەیە. ئەمەش ئەرکێکی نەتەوەیی گەورەیە، بەرپرسیاریەتییەکەی لە ئەستۆی نووسەران و کەسانی پسپۆڕدایە و خزمەتێکی گەورەی میللەتەکەمان دەکات.

یەکێك لەو بابەتانەش فۆلکلۆری دەڤەری پشدەرە، کە ناوچەیەکی سەخت و شاخاوییە و لە دامێنی ئەو چیایانەشدا زورگ و بان و دەشت هەیە، کە گونجاوە بۆ هەموو بوارە جۆربەجۆرەکانی ژیان، لە لایەکی دیکەشەوە ئەم سەختییەی وایکردووە، کە بارەکانی ژیان و بەرهەمی فۆلکلۆری و زمان زیاتر ڕەسەنایەتی خۆیان بپارێزن.

بەڵام بە داخەوە زۆر لایەنی بەرهەم و فۆلکۆری ئەو ناوچەیەش، وەك ناوچەکانی دیکە، لە فەوتان و بزربوون بەدەر نییە، تا ئێستاش ئاوڕێکی ئەوتۆ لەو دەڤەرە و بەرهەمەکانی نەدراوەتەوە و بە نادیاری ماونەتەوە و چاوەڕێی قەڵەم بە دەستانن، تەنانەت زۆر کەسیش ئەو ناوچە و بەرهەمەکانی وەك پێویست ناناسن و شارەزایان نین.

هەموو ئەو هۆیانە وایان لێ کردین زیاتر لەو بابەتە نزیك بینەوە و بە دوایدا بگەڕێین، تا توێژینەوەیەك دەربارەی بەرهەمی فۆلکلۆری ئەو ناوچەیە بنووسین، بە نیازی دەرخستنی لایەنە شاراوەکانی فۆلکلۆرەکەی و ئەوەی لە توانستماندا بێت لەو پێناوەدا سەرف بکەین، لەگەڵ هەموو ئەو کۆسپ و تەگەرانەش، کە ڕۆژانە و بۆ ئەو کارە دروست دەبن.

بە شێوەیەکی گشتیش توێژینەوەکەمان لەسەر ڕێبازی وەسفی بەڕێوەچووە، بە جۆرێك لە سەرەتادا بەشێوەیەکی تیۆری بابەتەکانمان خستوونەتەڕوو بە جیا لە ڕوانگەی ڕا و بۆچوونی زانایانی ئەو بوارە شیمان کردوونەتەوە، دواتریش بە پێی پێویستی بابەتەکان نموونەمان بۆ هێناونەتەوە، کە نموونەکان لە ڕێگەی گەڕان و چاوپێکەوتنی مەیدانییەوە کۆکراونەتەوە.

ناوەرۆکی توێژینەوەکەش جگە لە پێشەکی و ئەنجام، لە دوو تەوەرەی سەرەکی پێکدێت:

لە تەوەرەی یەکەمدا هەوڵمانداوە لایەنی تیۆری بابەتەکە لە ڕووی پێناسە و زاراوەی فۆلکلۆر و گرنگترین تایبەتی و خاسیەتەکانی لەگەڵ گرنگی و سوودی بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان نیشان بدەین، لە تەوەرەی دووەمیشدا

گرنگترین ڕەگەزە فۆلكلۆرییەكانی دەڤەرەكەمان بە ناساندن و نموونەی پێویست خستووەتەڕوو.

لە كۆتاییشدا پوختەی توێژینەوەكەمان بە هەر سێ زمانی كوردی و عەرەبی و ئینگلیزی، لەگەڵ لیستی سەرچاوەكان بە گوێرەی ڕیزبوونی فەرهەنگی ناوی نووسەرەكانیان، هەروەها بۆ خزمەتی زیاتر چەند پێشنیازێكمان تۆماركردووە.

## تەوەرەی یەكەم

### چەمك و پێناسەی فۆلكلۆر و ئەدەبی فۆكلۆری

فۆلكلۆر وشەیەكی كۆنی لاتینییە و لە دێر زەمانەوە بۆ مەیدان و بەرهەمی كەلەپوری نەتەوەیی بەكارهاتووە و لەسەر زاری ئەدەب دۆست و ئەدەبناسانە، بە جۆرێك كە مێژووی ئەم زاراوەیە بۆ نیوەی یەكەمی سەدەی نۆزدەیەم دەگەڕێتەوە، كە بۆ یەكەمجار لە لایەن زانای ئینگلیز (ولیەم تۆمس)ەوە، وەك زاراوەیەكی زانستی بەكارهێنراوە و هاتووەتە نێو زاراوە زانستییەكان، كە لە بنەڕەتدا زاراوەیەكی لێكدراوە لە وشەی (فۆلك ـ Folk)، كە بە واتای خەڵك یا گەل دێت، لەگەڵ وشەی (لۆر ـ Lor)، كە بە واتای سامانی گەل، یا پەندی گەل، یاخود زانستی گەل دێت، پێكهاتووە[١].

دەربارەی پێناسەكردنی فۆلكلۆر، ئەوا وەك دیاردە و بابەتە زانستییەكانی دیكە ناكۆكییەكی زۆری لەسەرە، بە جۆرێك كە زۆرجار ئەمە دەبێتە ڕێگری و بارگرانی بۆ پێناسەكردن و دەستنیشانكردنی سنووری دیاردە و بابەتەكانی، یاخود بوونی ڕاوبۆچوونی جیاواز و فرە پێناسەیی، بە جۆرێك ((هەندێ لە توێژەران لەوانە (ڤان جەنپ)ی فەڕەنسی Van Gennep وەچەند توێژەرێكی تری ئەوروپای ڕۆژئاوا فۆلكلۆر بە (ئەپنۆگرافیا) دائەنین.

بەڵام ئەڵمانەكان زانستی فۆلكلۆر ئەبەستەوە بە لێ كۆڵینەوە نەتەوایەتی یە خۆماڵی یەكان، وەهەشە كە فۆلكلۆر تەنیا بە هۆنراوەی سەرزاری خەڵكی دائەنێ))[٢]، كەواتە هەر كەسە و لە ڕوانگەیەكەوە سنوور و بەرهەمە فۆلكلۆرییەكان دیاری دەكات، بەڵام لە ڕاستیدا فۆلكلۆر زۆر لەوە فرەوانترە و بەرهەم و دیاردەكانیشی زۆر زیاترن، هەشە وەكو (دانديس)، كە پێشنیاز دەكات چەمكی فۆلكلۆر بە جوتیار و گوندنشینەكانەوە یاخود خەڵكی سەردەمی زوو ببەسترێتەوە، هەروەها دەڵێت: خەڵكی لە شارە هاوچەرخ و مۆدێرنەكانیش فۆلكلۆریان هەیە[٣]، بەڵام ئەگەر بە وردی سەرنج بدەین جیاوازییەكی زۆر لە فۆلكلۆری گوند و شارەكاندا هەیە، چونكە شارستانیەت و تێكەڵبوونی خەڵك كاریگەرییەكەی كەمتر دەكاتەوە، بە جۆرێك لە ئەمڕۆی پێشكەوتن و تەكنەلۆژیادا خەڵكی شارەكان ئاشناییەكی وایان لەگەڵ فۆلكلۆر نەماوە.

بە بڕوای هەندێك كەسیش فۆلكلۆر ((بەرهەمی شارستانیەت و خەڵكی ناوچەیەكی دیاریكراوە، كە هەمان زمان و كەلتور و شێواز و هەلومەرجی ژیانیان هەیە، یاخود شێوازی ژیان و دابونەریتە بۆماوەییەكانیان بە

---

[١] كامەران موكری (محەمەد ئەحمەد تەها) (١٩٨٤) ، ئەدەبی فۆلكلۆری كوردی ، بەشی یەكەم، لە بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی زانكۆی سەلاحەددین لە چاپ دراوە، ل٢٩.

[٢] هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل٣٠.

[٣] Dundes, A. (١٩٦٥), The study of Folklore, Englewood Cliffs: N. J. Prentice Hall, p. ٢.

یەك ناسنامەوە بەستراوەتەوە))[١]، بە سەرنجدانمان لەو پێناسەیە بۆمان دەردەکەوێت، کە فۆلکلۆر بەرهەمی تاکە کەسێك نییە و خاسیەتی ناوچەیی و خەڵکەکەی تێدا دەردەکەوێت و دەگونجێت بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە، یاخود لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە جیاوازبن، کەواتە فۆلکلۆر ((ئەم بەرهەمە خوڵقێنەرانەیە ئەوەیە کە دەماودەم و پشتاوپشت، کوڕ لە باوکەوە منداڵ لە دایکییەوە ئەیبیستێ و ئەمێنێتەوە. هەر لەبەر ئەمەیە کە ئەدەبی فۆلکلۆر بە بەرهەمی تاقە کەسێك دانانرێ و ئەدرێتە پاڵ هەموو میللەت و بە بەرهەمی خوڵقێنەرانەی گەل ئەناسرێ))[٢]، زۆرجاریش لەوانەیە کەسانێك بەبێ ئاگاداری و پێزانینی خۆیان فۆلکلۆر دروست بکەن و بە تێپەڕبوونی کات بەرهەمەکەیان لە لایەن خەڵکییەوە قبوڵ بکرێت و ببێتە بەرهەمێکی نیشتمانی، بۆیە فۆلکلۆر دەگونجێت بەرهەمی نەخوێندەوار و عەشایەر و ڕۆشنبیر، گوندنشین یاخود شارنشین بێت[٣]، بەڵام لە هەموو بارەکاندا ڕەزامەندیی خەڵك، لەگەڵ گواستنەوەی پێویستییەکی سەرەکییە، زۆرجاریش بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان سنوور دەبەزێنن و تێکەڵی لە نێوانیاندا دروست دەبێت، بە جۆرێك زۆرجار بەرهەمێکی فۆلکلۆری لە چەند وڵاتێکدا، یا چەند ناوچەیەکدا هاوبەش دەبێت، کە جیاکردنەوە و دیاریکردنی خاوەنە ڕاستەقینەکەی کارێکی گران و ئەستەم دەبێت.

دوای خستنەڕووی ئەو پێناسە و ڕوونکردنەوانەی سەرەوە دەبارەی فۆلکلۆر و ئەدەبی فۆلکلۆری، پێناسەیەکی دیکە بۆ فۆلکلۆر دەخەینەڕوو، کە بەم جۆرە پێناسەی دەکات و پێی وایە، کە فۆلکلۆر لە یەك کاتدا هەم زانستە و هەم کەرەستەیە، کە بە بەرهەمی نەتەوەیەك دادەنرێت و بە پێی قۆناغەکانی ژیان و بارودۆخی گەلان گۆڕانکاریی بە سەردا دێت و دەگۆڕێت، بەڵام لە هەمان کاتدا سیمای نەتەوە و خەڵکەکەی دەنوێنێت و دیاری دەکات[٤].

لەم پێناسەیەدا کاتێك دەگوترێت زانستە بە واتای ئەوەی شایانی خوێندن و لێتوێژینەوە و گرنگی پێدانە، چونکە بە پێی ڕۆشنبیری و ئاگادارییەکی فرەوان و قووڵ لەسەر پێڕەو و بنەمایەکی دیاریکراو دەڕوات، کە دەشڵێن کەرەستەیە، ئەوا واتای ئەوە دەگەیەنێت، کە فۆلکلۆر ((زۆر مەیدانی کەلەپوری نەتەوەیی دەگرێتەوە، هەر لە پاشماوەکانی جل و بەرگی میللی ی کۆن و ئێستاوە تا ڕایەخ و هۆی خواردەمەنی تیاخواردن (قاپ و قاچاغ و کاسە و کەچك) و تا نەقش و نیگار و جۆری خواردەمەنی و گەلێك شتی تر))[٥]، بە واتای ئەوە مەیدانی فۆلکلۆر مەیدانێکی فرەوانە و زۆر کەرەستە و دیاردەی کۆن و پاشماوەی باب و باپیرانمان دەگرێتەوە، کە بە درێژایی مێژوو بۆیان بەجێهێشتووین و بوونە سامان و ناسنامەی نەتەوایەتیمان.

لە کۆی ئەم پێناسە و ڕوونکردنەوە و ڕاوبۆچوونانەی، کە ئاماژەیان پێدرا، دەگەین بەوەی، کە ئەدەبی فۆلکلۆر بەرهەم و میراتی ڕۆشنبیری و هونەری نەتەوەیەکە، کە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە دەگوازرێتەوە و ڕەنگدانەوەی بوونی نەتەوە و ناسنامەکەیەتی و بەرهەمە دەماودەمییەکان و کۆمەڵێك شتی دیکە دەگرێتەوە،

---

(١) Islam, M (١٩٨٥), Folklor plus of the people: In the context of Indic Folklor: Concept publishing Company, p. ٦.

(٢) عزالدین مصطفي رسول (٢٠١١) ، دراسة في الادب الكردي ، من منشورات الاكاديمية الكردية، مطبعة الحاج هاشم ـ أربيل ، ص٦.

(٣) Islam, M (١٩٨٥), Folklor plus of the people. P. ٦.

(٤) سەدرەدین نورەدین ئەبوبەکر (٢٠٠٥) ، بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی ، بەرگی یەکەم ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری ، هەولێر ، لا٩.

(٥) عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ (١٩٧٩) ، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی ، چاپی دووەم ، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی ، لا٨.

كه ئاوێنەی ڕاستەقینەی ژیان و هونەر و سروشت و نەریته كۆمەڵایەتی و بارەكانی دیكەی ژیانن[1]، هەرچی زانستی فۆلكلۆر و ئەدەبی فۆلكۆریشه، ئەوا توێژینەوە و لێكدانەوەی ئەو بواره جیاجیانه بە پێی پێڕەو و بنەما جیهانییەكان دەگرێتەوە.

## خاسیەت و تایبەتییەكانی ئەدەبی فۆلكلۆر

هەر زانستێك، یاخود هەر دیاردە و بابەتێكی ئەدەبی بگرین، كۆمەڵێك خاسیەت و تایبەتی خۆی هەیه، كه له زانست و دیاردەكانی دیكەی جیادەكاتەوە، فۆلكلۆریش چ وەك زانست و دیاردە، چ وەك چەشنێك له چەشنەكانی ئەدەب، چەندین خاسیەت و تایبەتیی دیاریكراوی خۆی هەیه، كه بە هۆیانەوە دەناسرێتەوە و له بابەتەكانی دیكه جیادەكرێتەوە، لێرەدا هەوڵدەدەین هەندێك له تایبەتی و خاسیەتەكانی بخەینەڕوو:

### یەكەم: خاوەنەكەی دیار نییه و تۆمارنەكراوە

بەرهەمە فۆلكلۆرییەكان خاوەنیان دیار نییه و كەس نازانێت بەرهەمی كێنه و كێ دایناون، ئەمەش لەبەر چەند هۆكارێك وادەكەوێتەوە:[2]

١. ئەو بەرهەمانە بەرهەمی سەردەمی نەخوێندەواری و پێش سەرهەڵدانی نووسینن، دەماودەم و پشتاوپشت له كۆڕ و دیوەخان و بەرئاگردانەكان گێڕراونەتەوە، ئەمەش بووەته هۆی ئەوەی كه خاوەنی ڕاستەقینەیان بزربێت و بدرێنه پاڵ گەل و میللەت.

٢. زۆری و بڵاوی بەرفرەوانی بەكارهێنانی بەرهەمە فۆلكلۆرییەكان، كه ڕۆژانه و بە بەردەوامی له شوێنه گشتی و تایبەتی و فەرمییەكان بەكاردەهێنرێن، بە مەبەستی بەهێزكردن و ڕازاندنەوەی قسە و ئاخاوتن، نەك ناساندنی خاوەنەكانیان.

٣. بەرهەمە فۆلكلۆرییەكان بیرێكی جوان و كڵپە و سۆزێكی دەروونین، كه له دڵ و دەروونێكی ئاوەدانەوە بۆ سەر دەم و زمانێكی ڕەوان و قسەزان له كاتی ئاخاوتن و قسەكردن، یا دوای ڕووداو و كارەساتێك هەڵقوڵان، بە واتایەكی دیكه لەگەڵ پێشهات و ڕووداوەكان ئەم بەرهەمانە دروست دەبن و بە خێرایی و پشتاوپشت گێڕراونەتەوە و بڵاوبوونەوە لەبەر ناسكی و ڕێكوپێكیان، بە جۆرێك تا نموونەی ئەو بابەتەی بەرهەمە فۆلكلۆرییەكەی بۆ دانراوە ڕوودەداتەوە، ئەوجار خاوەن مەبەست و قسە، لێرەشدا بابەتەكه دەكاته نموونه بۆ بەهێزكردن و ڕووناككردنەوەی قسەكەی، نەك ناساندنی خاوەنەكەیان.

٤. له دەروون و دڵی ئەندامانی كۆمەڵدا له هەموو شتێك كاریگەرترن، چونكه له دەروونی خۆیانەوە هەڵقوڵاون و ڕەنگدانەوەی ڕاستەقینەی ژیان و شارستانیەتی خۆیانه، بۆیه خوێندەوار و نەخوێندەوار و لادێیی و شاری و خاوەن بڕوانامە و بێ بڕوانامە بە لایانەوە جوانه و دووبارەیان دەكەنەوە، بۆ بەهێزكردنی قسە و باسیان، یا ڕاكێشانی سەرنجی بەرانبەر، نەك پاراستنی بەرهەمەكه و ناساندنی بەرهەم و خاوەنەكەی.

---

[1] حاج صدوق ليندة (٢٠١٢) ، الابداع الفلكلوري على ضوء قانون الملكية الفكرية ، رسالة الماجستير ، كلية الحقوق ، جامعة الجزائر ، ص٣٩.

[2] بۆ ئەم هۆكارانە سوودمان وەرگرتووە له:

أ. شێخ محەمەدی خاڵ (٢٠٠٧) ، پەندی پێشینان ، چاپی چوارەم ، چاپخانەی شڤان ، سلێمانی ، لا٨٢.

ب. سەلام ناوخۆش و ... ئەوانی دیكه (٢٠٠٩) ، كوردۆلۆجی ، چاپی یەكەم ، چاپخانەی منارە ، هەولێر ، لا١٣٠.

٥. سوود و گرنگی، یاخود پەند و عیبرەتی بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان لە واتا و مەبەستەکانیاندایە، نەك خاوەنەکانیان بۆیە خەڵکی تەنیا دەق و مەبەستەکە دەگوازێتەوە و دەیکاتە نموونەی قسەکانی، بێ ئەوەی کەس خاوەنەکەی بناسێت، یان بیانەوێت بیناسێنن، ئاشکراشە کە شتێکی ئاسایی نابێت، کە هەموو جارێك بگوترێت: ئەم بەرهەمە هی فلانە کەسە، چونکە دەبێتە درێژبڕی لە قسە و ئاخاوتندا، کە ئەمەش بێزاری و ماندووبونی گوێگری بە دواوە دەبێت.

٦. لە لایەکی دیکەوە، ئەگەر بە وردی سەرنج بدەین، ئەوا دەبینین کە خاوەن دەقەکانیش تەنیا ئامانجیان بڵاوبوونەوەی مەبەست و پەیامی بەرهەمەکانیان بووە، نەك ناساندنی خۆیان.

٧. هۆیەکی دیکە بۆ بزربوونی خاوەن بەرهەمەکان، هەموو ئەو بارودۆخ و ڕووداوە ناخۆش و ناهەموارانەیە، کە بەسەر گەلەکەماندا هاتووە لە شەڕ و شۆڕ و داگیرکردنەوە، تا دواکەوتنی پەیدابوونی چاپەمەنی و ئەدەبی نووسراو، کە ڕاستەوخۆ بوونەتە هۆی ئەوەی خاوەن بەرهەمەکان ببنە سەربازی گوم و تەنیا بەرهەمەکانیان وەك میرات و پاشماوە بمێنێتەوە.

ئەم هۆیانە بەگشتی بەسن بۆ ئەوەی بەرهەمە فۆلکلۆرییەکانیان خاوەنەکانیان ون بکەن و بکەونە ناو بەرهەم و کەلتوری نەتەوەیی.

### دووەم: سادە و ساکاری

ڕوخسار و خاسیەتی هەرە ئاشکرا و دیاری بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان بریتییە لە سادەیی، بە تایبەتی لە ڕووی زمان و دەربڕینەوە. زۆر بە کەمی وشە و دەربڕینی قورسیان تێدا بەکارهاتووە و نیشانەی تایبەتی ئەو گەلە، یا ئەو دەور و زەمانەی کە تێیدا پەیدابوون پێیانەوە دیارە[1] و شێوازی داڕشتنیان بە شێوەیەکی گشتی هەر ئەو شێوازی قسەکردنەیە، کە خەڵکی پێی دەدوێن و ئاخاوتنی پێ دەکەن، لادانی زۆر کەمیان تێدایە، ئەگەر هەشبێت، ئەوا لادانەکە واتاییە، وەکو خوازە و درکە[2]، چونکە ئەدەبی فۆلکلۆری لە قووڵایی کۆمەڵگاوە هەڵقوڵاوە، لە لایەکەوە بەرهەمی خەڵکی ئاسایی و کۆمەڵگا سەرەتاییەکانن و لە ناوجەرگەی بارودۆخە جیا جیایەکانی ژیانیانەوە پەیدابوون و پێویستییەکان و ژیانی ئەو سەردەمەیان بۆ تۆمارکردووین، لە لایەکی دیکەشەوە دەبێت ئەو بەرهەمانە لە ئاست تێگەیشتنی خەڵکی خوێندەوار و نەخوێندەوار بن، بێگومان دەبێت ئەوەمان بیرنەچێت، کە ئەم سادەییە لەگەڵ بەرهەمە نووسراوەکاندا وادەردەکەون، ئەگەرنا بەرهەمە فۆلکلۆرییەکانیش بە ئەندازەی پێویستی خۆیان هونەر و جوانکارییان تێدا بەکارهاتووە و ڕازاندراونەتەوە.

### سێیەم: بەندە بە نەریت و خوڕەوشتی کۆمەڵایەتییەوە

ئەدەبی فۆلکلۆری بەرهەم و هونەرێکی ڕەسەنە و لە ناوجەرگە و قووڵایی ناخی مرۆڤەکانەوە هەڵقوڵاوە، وەك پێویستییەك لە پێویستییەکانی ژیان و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوانیان، بە واتایەکی دیکە بەرهەمی خۆشی و ناخۆشی گەلێکن و ڕەنگدانەوەی ڕاستەقینەی ژیانیانە لە جۆری جلوبەرگ و خواردن و هەڵسوکەوت و نەریتی بۆنە کۆمەڵایەتییەکان و ئایینییەکان... بنەچە و بناغەکەی بەندە بەو زەوییەی کە مرۆڤەکان لەسەری

---

[1] عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ (١٩٧٩) ، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی ، لا ٨ — ٩.

[2] سەلام ناوخۆش و ... ئەوانی دیکە (٢٠٠٩) ، کوردۆلۆجی ، لا١٣٠ — ١٣١.

نێشته‌جیبوونه‌ و ڕوخسار و نێوه‌ڕۆكه‌كه‌شی ده‌ستكردی مرۆڤه‌كانی نیشته‌جێی سه‌ر ئه‌و زه‌وییه‌یه‌[1] و ڕه‌سه‌نایه‌تی و كه‌لتوری ئه‌و گه‌له‌ی، كه‌ خاوه‌نیه‌تی نیشان ده‌دات و ئاوێنه‌ی ژیان و شارستانیه‌تی ئه‌و نه‌ته‌وه‌یه‌ن، كه‌ دایهێناوه‌ و پێوه‌ندییه‌ كۆمه‌لایه‌تی و دابونه‌ریته‌كانی تاك به‌ كه‌سانی دیكه‌وه‌ ده‌خاته‌ڕوو[2]، هه‌روه‌ها كه‌ره‌سته‌ و پێویستییه‌كانی ناو به‌رهه‌مه‌كانیش نیشانده‌ری چۆنیه‌تی ژیان و شارستانیه‌تی كۆنی نه‌ته‌وه‌كه‌ن، له‌گه‌ڵ ئه‌و كه‌ره‌سته‌ و به‌رهه‌مانه‌ی كه‌ هه‌یان بووه‌ و به‌كاریان هێناون.

**چواره‌م: به‌ربڵاوی**

خاسیه‌ت و تایبه‌تییه‌كی دیكه‌ی ئه‌ده‌بی فۆلكلۆر ئه‌وه‌یه‌، كه‌ له‌ نێو خه‌ڵكیدا زۆر بڵاوبووه‌ته‌وه‌ و كه‌م كه‌س هه‌یه‌ له‌ خوێنده‌وار و نه‌خوینده‌وار، له‌ لادێیی تا شاری، له‌ گه‌نج تا پیر شتێك له‌ فۆلكلۆری نه‌ته‌وه‌كه‌ی خۆی نه‌زانێت و ئه‌زبه‌ری نه‌كردبێت و، نه‌ڵێت: (پێشینان گوتوویانه‌ ، یان وه‌ك پێشینان ده‌ڵێن) و نه‌یكاته‌ به‌ڵگه‌ و نموونه‌ی قسه‌كانی، یان خه‌نده‌ و پێكه‌نینی كۆڕ و دانیشتنه‌كان.

**پێنجه‌م: هونه‌ری گوتنی ڕاسته‌وخۆیه‌**

نیشانه‌یه‌كی دیكه‌، كه‌ ئه‌ده‌بی فۆلكلۆری له‌ ئه‌ده‌ب و به‌رهه‌مه‌كانی دیكه‌ جیاده‌كاته‌وه‌ ئه‌وه‌یه‌، كه‌ وه‌ك به‌رهه‌م و ((ئه‌ده‌بی كۆمه‌ڵی ئاده‌میزادی كۆن له‌ نه‌وه‌یێك بۆ نه‌وه‌یێكی تر به‌ میرات ماوه‌ته‌وه‌، له‌ ناو مێشك پارێزراوه‌ و به‌ ده‌م و ئه‌زبه‌ر گێڕراوه‌ته‌وه‌))[3] و ده‌ماوده‌م و پشتاوپشت له‌ نه‌وه‌یه‌كه‌وه‌ بۆ نه‌وه‌یه‌كی دیكه‌ گوێزراوه‌ته‌وه‌ و بۆمان به‌جێماوه‌.

**شه‌شه‌م: سنووربه‌زاندن**

ئه‌ده‌ب له‌ بنه‌ڕه‌تدا هه‌ستكردن به‌ جوانی و تۆماركردنه‌، ئاره‌زووبوونیش له‌ جوانی و تۆماركردنی ڕووداوه‌كان له‌گه‌ڵ په‌یدابوونی مرۆڤ هاتووه‌ته‌ كایه‌وه‌ و بووه‌ته‌ به‌شێك له‌ بوونی، بۆیه‌ له‌ هه‌ر كوێیه‌ك بێت ئاره‌زووی له‌ شتی جوان و تۆماركراو هه‌یه‌، ئه‌مه‌ش بووه‌ته‌ هۆی ئه‌وه‌ی، كه‌ زۆرێك له‌ به‌رهه‌مه‌ فۆلكلۆرییه‌كان به‌هۆی ئه‌وه‌ی گوزارشت له‌ ئێش و ئازاره‌كانی كۆمه‌ڵی مرۆڤایه‌تی ده‌كه‌ن، مرۆڤیش له‌ هه‌ر جێگا و شوێن و پله‌یه‌كدا بێت كێشه‌ و گرفتی هه‌یه‌ و له‌ یه‌كچوونیش له‌ نێوانیاندا هه‌یه‌، سنووری نه‌ته‌وه‌یان به‌زاندووه‌ و لای نه‌ته‌وه‌كانی دیكه‌ به‌ زمانی خۆیان ده‌گێڕرێنه‌وه‌، وه‌كو به‌رهه‌م و پاشماوه‌یه‌كی جیهانی، نه‌ك نه‌ته‌وه‌یی سه‌یر ده‌كرێن[4]، ته‌نانه‌ت زۆرجار بڕیاردان له‌ نه‌ته‌وه‌یی بوونی به‌رهه‌مێك یان دیارده‌یه‌كی فۆلكلۆری كارێكی ئه‌سته‌م ده‌بێت، هه‌ر كه‌س به‌ هی خۆی ده‌زانێت و ده‌یگێڕێته‌وه‌ و لێی ده‌توێژێته‌وه‌ و گرنگیی پێده‌دات، به‌ جۆرێك تا به‌ره‌و سه‌ره‌تاكانی ئه‌ده‌بی كۆن و نه‌نووسراو بڕۆین وه‌ك یه‌كی و لێكچوون به‌ تایبه‌ت له‌ نێوان نه‌ته‌وه‌ هاوسنووره‌كان زیاترده‌بێت.

---

[1] أحمد رشدي صالح (١٩٧١) ، الادب الشعبي، الطبعة الاولى ، منشورات مكتبة النهضة المصرية ، ص١٤.

[2] محمد الجوهري (٢٠٠٦) ، مقدمة في دراسة التراث الشعبي المصري ، الطبعة الاولى ، دارالمعارف ، القاهرة ، ص٣٩.

[3] مارف خه‌زنه‌دار (٢٠١٠) ، مێژووی ئه‌ده‌بی كوردی ، به‌رگی یه‌كه‌م ، چاپی دووه‌م ، ده‌زگای چاپ و بڵاوكردنه‌وه‌ی ئاراس ، چاپخانه‌ی ئاراس ، هه‌ولێر ل١٧٩.

[4] سه‌لام ناوخۆش و ... ئه‌وانی دیكه‌ (٢٠٠٩) ، كوردۆلۆجی ، ل١٣١.

**حەوتەم: هەرەوەزی پێوەدیارە و لە شێوەی بەرهەمی دەستە دەردەکەوێت**

گومانی تێدا نییە، کە هەر بابەت و دیاردەیەکی ئەدەبی فۆلکلۆری لە بنەڕەتەوە خاوەنێکی هەبووە و دایهێناوە، بەڵام لەبەرئەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری ئەدەبێکی سەر زاری و دەماودەمە و بە میراتی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە ماوەتەوە و زیادکردن و داهێنانی تێداکراوە، بەم شێوەیە بووەتە بەرهەمێکی کۆمەڵی و هەرەوەزی و لە تاکە کەسی دەرچووە، واتە ئەم بەرهەمانە لە کاتی خۆیدا لە نێو چوارچێوە و ناوچەیەکی بچوکدا پەیدابوون، بەڵام بەرە بەرە بۆ شتی زۆر گەورە و ناوچەی فرەوانتر بەکارهاتوون[1] و هەموو ئەو کەسانە بوونە خاوەنیان، تەنانەت خەڵکانێك بەبێ ئاگاداری یەکدی بوون بە بەرهەمهێنەر و خاوەنی، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، کە ڕۆڵی تاکەکەس لەو بەرهەم و ئەدەبەدا نییە[2]، چونکە هەروەك ئاماژەمان پێیدا لە بنەڕەتەوە خاوەنێکی هەبووە بەڵام بە هۆکاری تایبەت گەل دەبێتە خاوەنی، سەرباری ئەوەش ئەدەبی فۆلکلۆر چێژ و سەلیقەیەکی وای هەیە، کە زۆر زوو هەمووان دەیقۆزنەوە و ڕەنجی لەگەڵدا دەدەن[3].

**هەشتەم: ئاستی هونەری**

لە بەراوردێکی وردی ئەدەبی نووسراو و نەنووسراودا بۆمان دەردەکەوێت، کە ئاستی هونەری بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان نزمترە، بەو واتایەی لە بەرهەمی نەنووسراو و فۆلکلۆردا زیاتر بایەخ و گرنگی بۆ نێوەرۆك بووە لەبری ڕوخسار، ئەوەندەی هەوڵدراوە بیرێکی جوان بخرێتەڕوو، هێندە لە بیری ڕازاندنەوەدا نەبوون، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، کە بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان وێنەی هونەری و جوانکارییان تێدا نییە، هەیانە بەڵام بە پلەیەکی نزمتر لە بەرهەمە نووسراوەکان.

**نۆیەم: بەردەوامی و گەشەکردن**

ڕۆژانە و بە بەردەوامی بەرهەمی فۆلکلۆری نوێ دروست دەبن و دەچنە سەر خەرمانەی سامان و بەرهەمی نەتەوەیی و گەشەدەکەن و بە نێو کۆمەڵگادا بڵاودەبنەوە و دەبنە میرات بۆ نەوەکانی داهاتوو، بەو واتایەی فۆلکلۆر هەمیشە بەردەوامە و لە فرەوانبووندایە و زۆرێك لە بەرهەم و کەرەستەکانی ئەمڕۆمان لە داهاتوودا دەبنە سامانێکی نیشتمانی.

**ئەرك و گرنگیی ئەدەبی فۆلکلۆری**

هەر بابەت و زانستێك بگرین، کۆمەڵێك ئامانج و ئەرك و مەبەستی تایبەتی خۆی هەیە، ئەدەبیش بەشێوەیەکی گشتی و فۆلکلۆریش بەتایبەتیتر، چەندین ئەرك و گرنگیی تایبەتی خۆی هەیە، لێرەدا هەوڵدەدەین ژمارەیەك لە گرنگترین ئەرك و سوودەکانی فۆلکلۆر و ئەدەبی فۆلکلۆری بخەینەڕوو:

---

[1] علاءالدين سجادی (١٩٧٨) ، دەقەکانی ئەدەبی کوردی ، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ، بەغدا ، لا١٤٩.

[2] أحمد رشدی صالح (١٩٧١) ، الادب الشعبي ، ص ٢٤.

[3] کامەران موکری (محەمەد ئەحمەد تەها) (١٩٨٤) ، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی ، لا٣٦.

**یەکەم: سەرچاوەیەکی ڕەسەن و گرنگی ئەدەبی نووسراوە**

گومانی تێدا نییە، کە ((ئەدەبی نەنووسراو بووە بە سەرچاوەیێکی گرنگ بۆ ئەدەبی نووسراو، ئەم ئەدەبە لە ناوجەرگەی ئەوەوە هەڵقوڵاوە. گەلێ لە بەرهەمە گەورە و مەزنەکانی گێتی ئەدەبی نەنووسراوبوون و لە پاشانا بوون بە ئەدەبی نووسراو، زۆربەی هەرە زۆری یەکەمین بەرهەمی کلاسیکی نەتەوەکان و گەلێ لە شاکارە ئەدەبییەکان، سەرچاوەی یەکەمیان ئەدەبی فۆلکلۆری بووە، شاکاری ئەدەبی کوردی ((مەم و زین))ی ئەحمەدی خانی ئیلهامی لە ((مەمی ئالان))ی فۆلکلۆری خەڵکی کورد وەرگرتووە))[1]، سەرچاوەیەکی گرنگ و ڕەسەنی نوێکردنەوەی شیعری کوردی گەڕانەوە بوو بۆ کێشی شیعرە خۆماڵییەکان و وازهێنان لە کێشی عەروزی، لەگەڵ بەکارهێنانی زمانێکی سادە و ساکاری هاوشێوەی بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان.

**دووەم: تۆماری مێژوو و شارستانییەتی نەتەوەیە**

بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان پارێزگاری لە داب و نەریتی کۆمەڵگا دەکەن و ئەو هەنگاوانەیان لە خۆیاندا هەڵگرتووە، کە کۆمەڵگا و نەتەوەیەك لە سەرەتای بوونییەوە پێیدا تێپەڕیوە و یەکە یەکەی ئەم هەنگاو و ڕووداوانەیان بۆمان تۆمارکردووە، کە بوونە مایەی گۆڕین و بەرەوپێشبردنی نەتەوەکان، بە واتایەکی دیکە تۆمارکەر و ئاوێنەی ڕاستەقینەی باری ژیانی کۆمەڵگان لە هەموو ڕووەکانی ئایینی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ئاقڵی و فیکری و ڕۆشنبیری و دەروونی...تاد.، ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە ئەدەب و بەرهەمی فۆلکلۆری ((ئاوێنەی گەل و سەردەمێکە بێ گومان کەرەسەیەك و سەرچاوەیەکی بایەخدارە بۆ لێ کۆڵینەوەی ژیانی ئەو سەردەمانەی ئەو گەلە، وە هەروەها بۆ لێ کۆڵینەوەش لە ڕیشە و دەستوری زمانی ئەو گەلە، ئەمە سەرەڕای ئەوەش کە یاریدەدەرێکی گرنگە لە لێ کۆڵینەوە و لێکدانەوەی مێژووی گەلدا. چونکە لەوەوە گەلێ بەسەرهات و ڕووداو و سیفەتەکانی قۆناغێ یان سەردەمێکی مێژووی ئەو گەلە ڕوون ئەبێتەوە))[2]، تەنانەت سەرچاوە و کەرەستەیە بۆ زانایانی زمانناسی و کۆمەڵناسی و ئابووری و مێژوو.... تاد.

**سێیەم: پەروەردە و فێرکردن**

سوودێکی گەورەی بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان ئەوەیە، کە دەبنە ڕێنماییکەر و ڕێنیشاندەر بۆ نەوە جیاجیاکان، بەتایبەتیش بۆ منداڵان، چونکە ((ڕۆڵێکی باش دەبینن لە پەروەردەکردنی منداڵاندا، حەکایەت و چیرۆك و پەند و قسەی خۆشی جۆراوجۆر شتی جوانی لێکجیا فێری منداڵان دەکەن و بەرەو سەرکەوتنیان دەبەن))[3]و ئاسۆی بیرکردنەوەیان فرەوان دەکەن و لەسەر کاری باش و جوان ڕایان دەهێنن و دڵ و دەروونیان بە یارمەتیدانی خەڵکی و ئاشتی و ئاسودەیی ئاودەدەن، هانیان دەدەن بۆ پارێزگاری لە خاك و خۆشەویستی و ئاوەدانی وڵات، هەروەها دوورکەوتنەوە لە (دزی ، درۆ ، ناپاکی ، دووبەرەکی ، شەڕ و رق و کینە...) و هەمیشە مرۆڤەکان لەوانە هۆشیاردەکەنەوە و تێیان دەگەیەنن ئەم سیفەت و بەها خراپانە چ زیانێك بە مرۆڤایەتی دەگەیەنن.

---

[1] مارف خەزنەدار (٢٠١٠) ، مێژووی ئەدەبی کوردی ، بەرگی یەکەم ، لا١٧٩ — ١٨٠.

[2] کامەران موکری (محەمەد ئەحمەد تەها) (١٩٨٤) ، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی ، لا٣٤ — ٣٥.

[3] سەلام ناوخۆش و ... ئەوانی دیکە (٢٠٠٩) ، کوردۆلۆجی ، لا١٣٣.

**چوارەم: گرانەوە و ڕۆشنبیری**

مرۆڤ هەمیشە لە ڕێگەی خوێندنەوە و گوێگرتنەوە گەورە دەبێت و ئاقڵی زیاتر دەکرێتەوە و شتی نوێ فێردەبێت، هەروەها ئاستی تێگەیشتن و دنیابینی زۆرتر دەبێت، بەرهە فۆلکلۆرییەکانیش سەرچاوەیەکی باشی ڕۆشنبیری و تێگەیاندنن لە چۆنیەتی ژیان و هەنگاونان بۆ داهاتوو و بەرەوپێشبردنی مرۆڤەکان لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری، بە واتایەکی دیکە زۆرجار بەسەرهات و ڕووداوەکانی نێو بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان، لەگەڵ هەڵسوکەوت و چۆنیەتی ژیانی کەسایەتی و پاڵەوانەکان دەبنە ڕێسا و بنەمایەکی ئەوتۆ، کە خەڵکی فەلسەفە و چۆنیەتی ژیانی خۆیانی لەسەر بینات بنێن.

**پێنجەم: چێژ و لەزەت بەخشین**

زۆر دەمێکە گوتراوە، کە ((هەموو شت بە پێی ئەو ڕواڵەت و ناوەرۆکانەی تیایدا هەیە جوانی خۆی مسۆگەردەکات ئیتر لە دانانی پلە و ڕوانینی مرۆڤەوە دێنەدی لە مەزاج و هەڵکەوتنی باری نەفسی ئەوەوە دروست ئەبێ))[1]، کە جوانی و سەرنج ڕاکێشانەکەی لە چ ئاستێکدایە، هەروەها ((شتی جوان ئەوەیە، کە خۆشی و لەزەت بۆ چاو و گوێ و هەستە باڵاکان دروست کات))[2]، لەم ڕووەشەوە ئەدەبی فۆلکلۆری سەرچاوەیەکی سەرەکی بەخشین و گەیاندنی لەزەت و چێژە بە خوێنەر و گوێگر، بە جۆرێك دڵ و دەروونیان خۆش دەکات و جوڵە و خورپە دەخاتە دڵ و دەروونیانەوە، کاردەکاتە سەر هەست و هۆشیان و لەزەتێکی ڕوحیان پێدەدات، بە هۆی ئەو ڕەوانبێژی و وردەکارییانەی، کە تێیاندا بەکارهێنراوە، بە دانانی وشەی گونجاو لە شوێنی گونجاو، لەگەڵ ئەو زمانە میتافۆرییەی تێیاندا بەکارهێنراوە.

**شەشەم: ناسنامەی نەتەوە و نەتەوایەتی بوونە**

ئەرك و ئامانجێکی دیکەی ئەدەبی فۆلکلۆری ئەوەیە، کە دەبێتە ناسنامەی نەتەوەیی، هەروەها ڕادەی پێشکەوتن و ڕۆشنبیری وڵاتێك و مێژووی بەرهەمەکانیمان لە ڕابردوودا نیشان دەدات، بە تایبەتیش بۆ ئەو نەتەوانەی لە سەرەتای گەشەکردن و بەرەوپێشچوون دان، یان ئەو وڵاتانەی، کە داگیرکراون و سەردەمێك لە سەردەمەکان ژێر دەستە بوون، کە بە هۆی بەرهەمە فۆلکلۆرییەکانیانەوە توانیویانە پارێزگاری لە بوونی خۆیان و مێژووی نەتەوایەتی و ڕۆشنبیریی خۆیان بکەن[3]، بە نموونە ئێمەی کورد، کە بە درێژایی مێژوو داگیرکراوین و چەوسێنراوینەتەوە، بەرهەمە فۆلکلۆرییەکانمان بەڵگە و سەرەتای زۆر ڕاستیی ژیانمانن.

**حەوتەم : بزواندنی بیر و هاندان**

سوود و گرنگییەکی دیکەی ئەدەبی فۆلکلۆری، بزواندنی بیر و هاندانی خوێنەر و گوێگرە، هەروەها

---

[1] ئومێد ئاشنا (٢٠٠٧) ، شێوە و ناوەڕۆك ، چاپی یەکەم دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس ، هەولێر ، لا٢٦.

[2] کەمال میراودەلی (٢٠٠٥) ، فەلسەفەی جوانی و هونەر (ئیستاتیکا) ، چاپی دووەم خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی (قانع) ، سلێمانی ، لا١١٠.

[3] حاج صدوق لينده (٢٠١٢) ، الابداع الفلكلوري على ضوء قانون الملكية الفكرية ، ص٣٧.

ڕاهێنانیانە لەسەر كاری باش و جوان، لەگەڵ بیركردنەوەیەكی وا كە دوور بێت لە هەڵە و كەموكوڕی، بە جۆرێك دەتوانین بڵێین: نێوەرۆكی زۆرێك لە حەكایەت و بەسەرهات و پەند و قسەی كۆنی پێشینان، هاندەر و ورۆژێنەری ناخ و دەروونی تاكەكانی كۆمەڵە، هەروەها بوون بە پەند و عیبرەت بۆ نەوە جیاجیاكان و نەخشە ڕێگای سەركەوتنیان، ئەمە جگە لەوەی كاریان لە هەڵسوكەوت و بیركردنەوەی تاكەكان كردووە و دەكەن.

**هەشتەم : تۆمار و گەنجینەیەكی دەوڵەمەندن**

بەرهەمە فۆلكلۆرییەكان گەنجینەیەكی دەوڵەمەند و لە بن نەهاتوون بۆ ناوی شوێن و شوێنەوار و پاڵەوان و عاشقە مەزنەكان، بە تایبەتیش لە گۆرانی و داستانەكاندا، كە زۆرجار سەربارەی ئەمانە جۆری جلوبەرگ و خشڵی خۆڕازاندنەوەی ناوچە و میللەتێك بە ڕوونی بەدەردەكەون و دەبنە كەرەستە و سەرچاوەیەكی گرنگی توێژینەوە بۆ زانا و شارەزایانی ئەو بوار و مەیدانانە.

**تەوەرەی دووەم**

**بەشەكانی ئەدەبی فۆلكلۆری لە دەڤەری پشدەر**

ئەدەبی فۆلكلۆری چەندین فۆڕم، یان جۆر و شێوەی گرنگی هەیە، كە ئەم بەش و جۆرانە بەشێكیان لە فۆلكلۆر و ئەدەبیاتی هەموو میللەتان و نەتەوەكاندا، یان چەند میللەتێكدا وەكویەك وان و بەشێكیان جیاوازن. بە واتایەكی دیكە لە ڕووی ڕەسەنایەتی و فەوتان و لەنێوچوون و مانەوەیان، هەروەها ژمارە و جۆری ڕەگەز و بەرهەمە فۆلكلۆرییەكانیش لە وڵاتێكەوە بۆ وڵاتێكی دیكە جیاوازیی هەیە، تەنانەت لە نێو چوارچێوەی وڵاتێكیشدا لە ناوچەیەكەوە بۆ ناوچەیەكی دیكە ئەم جیاوازییە بەدی دەكرێت، بە وێنە ئەو بەرهەم و ڕەگەزە فۆلكلۆریانەی، كە لە ناوچەی پشدەردا هەن و پارێزراون لەوانەیە لە ناوچەكانی دیكەی كوردستان (وەك: سلێمانی ، خانەقین ، سنە ، هەولێر ، دیاربەكر...) نەمابن و لەنێوچووبوون، بە پێچەوانەشەوە ڕەنگە دیاردە و بەرهەمێك لەو ناوچانە بوونی هەبێت و لە دەڤەری پشدەردا نەمابێت، یان لە جۆری گێڕانەوە و ژمارە و ناوی پاڵەوان و كەسایەتییەكانی نێو ڕووداو و بەسەرهاتەكان بە تایبەتی جیاوازی هەیە.

دوای سەرنجدان و بەراوردێكی ورد بۆمان دەردەكەوێت، كە ئەدەبی فۆلكلۆری كوردی بەگشتی و دەڤەری پشدەر بەتایبەتی لە ڕووی ژمارەوە بەش و جۆرەكانی هەمان ئەو بەش و جۆرانەن، كە لە ناو میللەتانی دیكەی ڕۆژهەڵاتدا هەن، بەڵام بە ڕووداو و گێڕانەوەی تایبەتی، بەو واتایەی لە ڕووی نێوەرۆكەوە جیاوازی لە بەرهەمە فۆلكلۆرییەكانی دەڤەری پشدەر و ناوچەكانی دیكەدا هەیە، چونكە ئەو ئەدەبە فۆلكلۆرییەی لە ناوچەی پشدەر ماوەتەوە ڕەسەنتر و پاراوترە لە ناوچەكانی دیكە بە تایبەتی شارە گەورەكان، هۆكارەكەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، كە ئەم ناوچەیە شاخاوییە و كەمتر تێكەڵاوی شارە گەورەكانن و ڕەسەنایەتی خۆیان زیاتر پاراستووە، بۆیە ئێمەش ئەم تەوەرەی باسەكەمان بۆ خستنەڕووی بەشەكانی ئەدەبی فۆلكلۆری كوردی و ئەم دەڤەرە بە تایبەتی تەرخان دەكەین و هەوڵدەدەین دوای ناساندنی جۆری بەرهەمەكان نموونەی پێویستی ئەو دەڤەرە تۆماربكەین... بە جۆرێك، كە پشدەر لە ڕوانگەی بەشەكانی فۆلكلۆرەوە یا بەشێك لە بەرهەمە فۆلكلۆرییەكانی ئەو دەڤەرە نیشان بدەین، كە بریتین لە چەند جۆرێكی بنەڕەتی، بەم شێوەیە:

**یەكەم: ئەفسانە**

لە ئەدەبی فۆلكلۆریدا بە هەموو ئەو حیكایەت و چیرۆكە خوراڤی و دوور لە ڕاستی و ناعەقڵی و خەیاڵپلاوانەی سەدە دێرین و كۆنەكان، یان لەو كات و سەردەمانەی مرۆڤەكان دەستەوستان و بێ دەسەڵات بەرانبەر ڕووداو و دیاردەكانی سروشت و ژیان وەستاونەتەوە و نەیانتوانیوە لێكدانەوەیەكی وردی ئاقڵانەیان بۆ بكەن و تێیان بگەن و بە ناچاری پەنایان بردووەتە بەر ئەم جۆرە بیركردنەوە و بەسەرهاتانە، دەگوترێت: ئەفسانە یا (میتۆلۆژیا)، میتۆلۆژیا ((ئەوەیە كە لە ڕێگەی ئەفسانەوە بە دوای باوەڕ و ئایینی كۆن و تازەی گەلاندا ئەگەڕێت... بۆیە زانایان و ڕۆژهەڵاتناسانی وەك مار و نیكتین و مینۆرسكی و سیمنۆڤ و ڤیلچێڤسكی و لاسكو، هەروەها نووسەری گەورەی كورد عەرەب شەمۆ، بگرە (ئەبۆڤیان)یش، ئەفسانەیان كردووە بە كەرەستەیەك بۆ ساغ كردنەوەی هەندێ بیروباوەڕی ئایینی ی ـ كۆن و تازەی كورد))[1]، كە ئەمانە ئەفسانە نین، بەڵكو میتۆلۆژیان، بەم جۆرە بۆمان دەردەكەوێت كە میتۆلۆژیا و ئەفسانە لە یەكدی جیاوازن و میتۆلۆژیا داستان و ڕووداوێكی ڕاستەقینەیە، كە بە هۆی نێوەرۆكەكەیەوە دەردەكەوێت لە ڕووداوە ڕاستییەكان دەدوێت و دەیانخاتەڕوو، واتە سەرەتای ڕووداو و بەسەرهاتەكانی، وەك: دروستبوونی كەون، پەیدابوونی مرۆڤ، ژین و مردن، كشتوكاڵ و ئاگر، ئایین و بۆنە پیرۆزەكان...تاد. بەكورتی و پوختی سەرەتای هەموو ئەو ڕووداو و بەسەرهاتە كۆن و دێرینانەی لە كاتە پیرۆزەكاندا ڕوویانداوە و بوونەتە بنەما و هۆی ژیانی ئەمرۆكە[2] كە ڕوانگە و لێكدانەوەیەكی ئایینی دەگرێتەوە و دەیانخاتەڕوو لەبەرئەوەش، كە ((خوداوەندان و پاڵەوانەكان دەوری گرنگیان لەم ڕووداوانەدا هەبووە، ئەوا بێ هیچ گومانێك ئەم ڕووداوانە ڕاستن و نكۆڵیان لێ ناكرێ))[3]، بۆیە میتۆلۆژیا، وەك بەیانكەر و نیشاندەری كرداری دروستبوون، ئەوەمان بۆ باس و بەیان دەكات، كە چۆن شتێك دروستبووە[4]، بەڵام هەرچی ئەفسانەیە بریتییە لە دەربڕین و دەرپەڕاندنی خولیا و ئارەزووی پەنگخواردووی دەروونی لە شێوەیەكی بابەتیدا، ئەم كارەش هەر بۆ ئەوە ساز و ئامادەكراوە، كە ترس و دوو دڵی مرۆڤ كەم بكاتەوە نەیهێڵێت[5]، بۆیە ئەفسانە ((نە بۆ كات بەسەربردن پەیدابووە، وە نە بۆ تام لێ چەشتن بەڵكو پێویستی یەك بووە، لە پێویستی یەكانی ژیانی كۆمەڵایەتی ی مرۆڤی سەرەتایی))[6] بۆ شیكردنەوە و توێژینەوەی ژیان و دیاردە كۆمەڵایەتی و دەروونییەكان و ڕەفتار و ئاكاری مرۆڤەكان و سەركەوتنیان بەسەر دێو درنج...، بۆیە هەموو شتەكانی ناو ئەو باس و بەسەرهاتانە خەیاڵی و ناڕاستەقینەن، بە وێنە[7]:

١. مرۆڤ ئەگەر ببێتە دوو پارچە، یان كەمئەندام بوو ناتوانێت ئەرك ببینێت و ڕۆڵی هەبێت، بەڵام لە ئەفسانەدا بەبێ دەست یا لاق، تەنانەت بە نیوە مرۆڤێكیش، یا هەر تەنیا سەرێك دەگونجێت ڕۆڵ ببینێت.

---

(١) عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ (١٩٧٩) ، لێكۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلكلۆری كوردی ، لا١٤٤.

(٢) داریوش شایگان (بەبێ ساڵ) ، بت های ذهنی خاطره ازلی ، چاپ اول ، سپهر ـ تهران ، ص١٠٥.

(٣) ڕێبوار سیوەیلی (٢٠٠١) ، كتێبی نالی ، چاپی یەكەم ، دەزگای چاپ و بلاوكردنەوەی موكریانی ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر ، لا٣٣.

(٤) مرچا الیاده (١٣٦٢) ، چشم اندازهای اسطوره، ترجمه: جلال ستاری ، تهران ، ص ١٤.

(٥) نبیلة ابراهیم (١٩٧٢)، أشكال التعبیر في الادب الشعبي ، منشورات مكتبة النهضة المصریة ، ص ٩ -١٠.

(٦) كامەران موكری (محەمەد ئەحمەد تەها) (١٩٨٤) ، ئەدەبی فۆلكلۆری كوردی ، لا٤١.

(٧) بۆ ئەم خاڵ و نموونانە سوودمان وەرگرتووە لە:

✎ سەلام ناوخۆش و ... ئەوانی دیكە (٢٠٠٩) ، كوردۆلۆجی ، لا١٣٣ — ١٣٤.

٢. خێو و تەیری عەنقا و شەوە، كە لە بنەڕەتدا هەر بوونیان نییە، كەچی لە ئەفسانەدا ڕۆڵیان هەیە.

٣. لە ئەفسانەدا دەشێت كلاوێك یا ڕووبارێك یان سێوێك یاخود مارێك... كارێك بكەن، كە لە لۆجیكدا ئەمە ڕێگە پێدراو و گونجاو نییە.

٤. كات لە ئەفسانەدا ئەو كاتە نییە، كە مرۆڤەكان لەسەری ڕێككەوتوون بەكاری دەهێنن، بەڵكو دەگونجێت یەك كاتژمێر بە ئەندازەی سەد ساڵ درێژە بخایەنێت.

٥. شوێنیش لە ئەفسانەدا شوێنێكی ئاسایی و جوگرافی نییە، بە نموونە (بنی دنیا ، دوورگەی واق واق)، كە هەرگیز ژیری مرۆڤ ناتوانیت پەیان پێ ببات.

ئەمانەی سەرەوە لە سیما و خاسیەتە دیارەكانی ئەفسانەی ڕۆژهەڵاتی بە گشتی و ئەفسانەی كوردین بە تایبەتی، چونكە ((ئەفسانە لە ناو گەلی كوردا پلەوپایەكی بەرزی هەیە و ئاوێنەی باڵانمایە بۆ شیكردنەوەی چەشنی ژیانی كورد، ئەم ئەفسانانە هی ڕۆژگارێكی زۆر كۆنن و كارەساتی ئەشكەوتەكان و ژیانی ساویلكەی ئەو دەمەی كوردمان بۆ دەگێڕنەوە))[١] لە دەڤەری پشدەریشدا ئەفسانە هەر لەو چوارچێوەیەدا ماوەتەوە، بەهەمان شێوە بابەتەكانی ئەفسانە هەر خوڕافیات دروستكردنە بۆ شتەكانی دەوروبەر، لێرەدا دوو نموونە لە ئەفسانەكانی ناوچەكە تۆماردەكەین[٢]:

{مارێكی ڕەنگ سپی گەورە هەیە، كە بە شای ماران ناوی دەركردووە، هەموو مارەكانی دونیا لە ژێر چاودێری و فەرمانی ئەودا هەڵسوكەوت دەكەن و لە فەرمانی دەرناچن، لە هەر كات و شوێنێكدا ئەو مارە ئازاری پێ بگات، یان هەوڵی كوشتنی بدرێت، ئەوا هەموو ماری جیهان كۆدەبنەوە و ئازاردەری مارەكە و ئەوانی لە دەورویشتنی لە ناودەبەن}.

یەكێكی دیكە لە ئەفسانەكانی ناوچەكە::

{ڕووباری خاسی (زێی بچوك) هەموو ساڵێك هاردەبێت و دەزیرێنێت، ئەگەر دوو سەر ئاژەڵی بۆ نەكرێتە قوربانی و خوێنەكەیان تێكەڵ بە ئاوی ڕووبارەكە نەكرێت، ئەوا لە بەهار و كاتی لافاو كەسێك یان دووان لە ئاوەكەدا دەخنكێن و لە ناودەچن}.

**دووەم: داستان**

داستان، كە لە ئەدەبی كوردیدا (پۆیەم)، یاخود (ئیپۆس)، هەروەها (بەیت)یشی بۆ بەكاردێت، وەك ڕەگەزێك لە ڕەگەزەكانی ئەدەبی فۆلكلۆر و نووسراو مێژوویەكی دوور و درێژی هەیە، لە ڕووی نێوەرۆكەوە ((بەرهەمێكی چیرۆك ئامێزە، سەرگوزشتەیەكی ڕووداو یا ڕاستەقینە دەگێڕێتەوە كە بە ژیانەوە بەستراوەتەوە، ڕاستیی ژیان لە دەروونی خاوەن بەرهەمەكەدا دەهێنێتە دەرەوە و وێنەی قارەمانی و ئازایەتیی مرۆڤ پیشان دەدات))[٣] و زۆرجاریش تێكەڵ بە خەیاڵ دەكرێت و ئەم بەرهەمە ((پشتاوپشت ئەووترێتەوە و ئەمێنێتەوە. گۆرانیبێژی،

---

[١] سدیق بۆرەكەیی (سەفی زادە) (٢٠٠٨) مێژووی وێژەی كوردی ، بەرگی یەكەم ، چاپی دووەم ، دەزگای چاپ و بلاوكردنەوەی ئاراس ، چاپخانەی دەزگای ئاراس ، هەولێر ، لا٣٢٧.

[٢] ئەم ئەفسانانەمان لە چاوپێكەوتنێكدا وەرگرتوون لە بەڕێز:

✎ ئایشە حەسەن ئیبراهیم ، ژنی ماڵەوە ، ناحیەی سەنگەسەر ، (٨)ی شەوی ٢٠١٥/٠٩/١٠.

[٣] كامەران موكری (محەمەد ئەحمەد تەها) (١٩٨٤) ، ئەدەبی فۆلكلۆری كوردی ، لا٥٨٢.

هەر پشتە هەندێکی لێ ئەگۆڕن و هەندێکی ئەخەنەسەر، ئیتر چ لە ڕووداوا بێت یا لە کەساندا))[1]، بەڵام ڕووداوی زۆر بە ڕوونی هەر تێدا دەردەکەوێت، چونکە ئەم دەستکاری و گۆڕینانە نابنە هۆی ئەوەی، کە بەرهەمەکان ببنە بەرهەمێکی سەربەخۆ، لەبەر ئەوەی ئەو ڕووداوانەی لە داستاندا هەن، لە بنەڕەتدا لە ڕووداوێکی مێژوویی ڕاستەقینەوە هاتوون و سەرگوزەشتەیەکی ڕووداو یا شتێکی ئەوتۆن، کە بە ژیان بەستراونەتەوە و ئاڵۆزبوون.

ئەم هونەرەش وەك هونەر و ڕەگەزەکانی دیکە بە جۆرێکی وەها ڕەنگی لە ئەدەبی نووسراو و نەنووسراوی کوردیدا داوەتەوە، کە هەر ناوچەیەك بگرین چەندین داستانی جۆراوجۆری خۆی هەیە دەماودەم دەگێڕرێنەوە، لە ناوچەی پشدەریشدا چەندین داستان لە شێوەی گێڕانەوە یا تۆمارکراوی سەر کاسێت هەن، بەڵام یەکێك لە تایبەتییە دیارەکانی داستان ئەوەیە، کە (لە ئەدەبی فۆلکلۆری گەلاندا و لە ئەدەبی نووسراوەیاندا لە زۆر دیمەن و ڕوخساردا و لە ناوەرۆکیشدا ـ زۆر بە ناویەکداچوون و لەیەکترئەچن. ئەم ڕاستییە لە ئەدەبی فۆلکلۆر و نووسراوی کوردیشدا هەروەك گەلانی ترە))[2]، کە ئەمە بووەتە هۆی ئەوەی هەندێك خاسیەت و ڕوخسار و دیمەن لە داستانی کوردیدا هەبێت، کە لە نێو داستانی میللەتانی تریشدا ڕەنگی داوەتەوە، بە پێچەوانەشەوە، بەو واتایەی زۆربەی داستانە کوردییەکان بە گشتی و داستانەکانی ناوچەکە داستانێکی هاوبەشن، چ لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی کوردستان یا میللەتانی دراوسێ، بۆیە بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین: کەوا دوو جۆر داستان هەیە، داستانی هاوبەشی ڕۆژهەڵاتی و داستانی ڕەسەنی کوردی، واتە  داستانێك کە هی کورد خۆیەتی و تایبەتە بە ناوچەیەکی دیاریکراو و لە ناوچەکانی دیکەشدا هەیە، وەکو داستانەکانی (مەمی ئالان ، مەم وزین ، خەج و سیامەند ، لاس و خەزاڵ ، خانزاد و لەشکری... تاد.) لەگەڵ چەشنە داستانێکیش کە لە نێو گەلانی ڕۆژهەڵاتدا هاوبەشە، واتە ئەو جۆرە داستانانەی لە نێو چەند میللەتێکدا و هەریەکە بە زمانی خۆی ئەیگێڕرێتەوە، بەڵام بە بوونی جیاوازی، واتە مەرج نییە گێڕانەوەی نێو هەموو میللەتەکان تەواو لە یەك بچن، بەڵکو لە زۆر ڕووەوە جیاوازییان لە نێواندا هەیە، تەنانەت جار هەیە شوێنەواری ئەو داستانە لە وڵاتێکدا و ناوی قارەمانەکانی بە زمانی ئەوەوەیە، بەڵام گێڕانەوەی داستانەکە لە لای میللەتێکی دیکە گەلێك شەقڵی ئەم میللەتە دەگرێت، نموونەی ئەم جۆرە داستانانەش، وەکو (لەیل و مەجنون ، شیرین و فەرهاد)، کە لە لای گەلێك میللەت و بە زمان و شێوەی جیاواز دەگێڕرێنەوە[3].

بەپێی ئەو مانا و مەبەستانەش، کە داستان دەیگەیەنن، دەتوانین داستانی کوردی بکەینە دوو جۆری بنەڕەتی، کە ئەمانەن:

١. داستانی قارەمانیەتی:

ئەو جۆرە داستانانەن، کە کۆڵەکەی باسەکەیان قارەمانی و ئازایەتی و باسکردنی قارەمانەکانی جەنگ و دەرخستنی لایەنی ئازایەتی و لێهاتوویی و خۆبەختکردنە، بەو واتایەی نێوەرۆکەکەیان بریتییە لە نیشاندان و گێڕانەوەی ژیانی پڕ لە ئازار و چەوسانەوە و خەباتی دوور و درێژی چەندین سەدەی کۆن و نوێی ئادەمیزاد و

---

[1] عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ (١٩٧٩) ، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی ، لا ٣٧ – ٣٨.

[2] عیزەدینی مستەفا ڕەسول (١٩٧٠) ، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی ، لا٢٤٤.

[3] کامەران موکری (محەمەد ئەحمەد تەها) (١٩٨٤) ، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی ، لا٦١ – ٦٢.

**هەموو ئەو ڕووداوە ناخۆشانەی کە بەسەریاندا هاتووە، کە ئەمانیش دەبنە دوو جۆر:[1]**

**أ. ئەو داستانانەی نێوەرۆکەکەیان خەیاڵ ئامێزە و شتی خەیاڵی و لە ئاقڵ بەدەریان تێکەڵ دەکرێت.**

**ب. جۆری دووەم ئەو داستانانەن، کە تەنیا قارەمانی و ئازایەتییەکە دەگێڕنەوە، بەڵام شتی لە ئاقڵ بەدەر و باوەڕی ئادەمیزادییان تێدا نییە.**

**نموونەی ئەم جۆرە داستانانە لە ناوچەکەدا (ڕۆستەم و زۆراب)ە، کە لە شەوانی ڕەمەزان و شەوچەرەی زستاندا، حیکایەتخوان ئازایەتی و بە توانایی ئەم دوو کەسەی دەگێڕایەوە، لەگەڵ داستانی (شانامە)، کە سنووری بەزاندووە و هاتووەتە ناو ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیشەوە**

**٢. داستانی دڵداری و خۆشەویستی:**

**بەو جۆرە داستانانە دەگوترێت، کە نێوەرۆکەکەیان لە بارەی خۆشەویستی و دڵدارییە، لەم داستانانەدا دڵداری و ئەڤین، ئەوەندە بەهێزە، کە لە پێناو ئەو خۆشەویستییەدا گیان بەخشین و قوربانیدان هەیە، لە نموونەی ئەم داستانانە (محەممەد و سێوە ، ناسڕ و ماڵ ماڵ....) ئەمانە لە کۆندا بەشێوەی گێڕانەوە و لە ئێستاشدا بە تۆمارکراوی لە ناوچەکەدا هەن .**

## سێیەم: گۆرانی

**گۆرانی گوتن، لێشاوی هەست و سۆزە، کە کەسێك بۆ بەرانبەرەکەی دەردەبڕێت بە درێژکردنەوەی وشەکان و پێدانی ئاواز، لە نێوەرۆکێکی پڕ وەسفدا بە مەبەستی سەرنج ڕاکیشان و دەربڕینی خۆشەویستی پەنگخواردووی دڵ، کە بە شێوەیەکی گشتی ((لە گۆرانی ی کوردیدا زۆر شەقڵی گۆرانی ی ئاینی و ئیشکردن هەیە))[2]، واتە نێوەرۆکی گۆرانی فۆلکلۆری کوردی بریتییە لە ئایینی و ئیشکردن.**

**دەربارەی ناوچەی پشدەریش ئەوا زۆربەی هەرە زۆری گۆرانییەکانیان بریتین لە پێداهەڵدان و دەرخستنی خوڕەوشت و خاسیەتی باشی کوڕ بۆ کچ و وەسفکردنی شەنگەبێری و لار و لەنجە و باڵای بەرز و کابانی و ماڵداریکەری کچان لە بەرانبەریشدا کچان وەسفی کوڕان دەکەن و بە بەژن و باڵا و سوارچاکی و ئازایەتی و خانەدانیاندا هەڵدەدەن، سەرباری ئەمانەش هەندێك جۆرە گۆرانی دیکە لە ناوچەکەدا بەرچاودەکەون کە تایبەتن بە ئیشوکار و خەڵکی لە کاتی ئەنجامدانی ئیشوکارەکانی، وەك دروێنە و مەشکەژاندن و مەڕدۆشین (بێری) و ئاوکێشانی سەر کانی و شوانی...تاد. گۆرانی دەچڕن، جا چ بە تەنیا یا بە کۆمەڵ بێت، چونکە هەروەك لە پێشتردا ئاماژەمان بۆ کردووە کۆمەکی و هەرەوەزی لە فۆلکلۆردا خاسیەتێکی دیارە، بە تایبەتیش لە دروێنەدا ئەو گۆرانی گوتنە بە هەرەوەزی هەیە، کە وشە و ئاوازەکەی زۆرتر لەگەڵ جووڵانەوەی ئەندامەکانی لەشدا یەك دەگرێتەوە و لە کاتی گوتنی گۆرانییەکەدا دەنگ و هاوارەکانی ناو گۆرانییەکە یاریدەی ئەندامەکانی لەش دەدەن و باریان سوك دەکەن[3]، هەروەها لە کۆچی گەرمیان و کوێستانی مەڕدارەکانیش، ئەوا بە درێژایی ڕێگا گۆرانیان لێ نابڕێت و بە نۆرە گۆرانی هەمەجۆر دەچڕن، یان کاتێك کەسێك سەرقاڵی کارێکە، یا بە**

---

[1] کامەران موکری (محەمەد ئەحمەد تەها) (١٩٨٤) ، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی ، لا ٦٣ – ٦٤ ، عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ (١٩٧٩) ، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی ، لا ٤٤ – ٤٦.

[2] عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ (١٩٧٩) ، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی ، لا٨٣ – ٨٤.

[3] عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ (١٩٧٩) ، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی ، لا٧٦ – ٧٧.

ڕێگایەکدا دەڕوات (پیر یا جوان) لەبەر خۆیەوە گۆرانی دەڵێت و مەبەست و هەستی دڵی تێکەڵەبە گۆرانی دەکات.

لێرەدا چەند نموونەی گۆرانی ناوچەکە تۆماردەکەین و دەخەینەڕوو:

خۆزگە سەد خۆزگە لەو پەڵە هەورە
جار جار دەیگرماند لەوماڵە گەورە
ئەو ماڵە گەورەی خەزورانم بێ
چیخی ڕەنگاوڕەنگ دیوەخانم بێ
دەستە خوشکانم لە دەورانم بێ
لە پیر و لە جوان بە میوانم بێ[1]

ئەمە یەکێکە لە گۆرانییە فۆلکلۆرییەکانی دەڤەرەکە، کە لە لایەن کچانی عاشقەوە لە سەر ڕێگای کانی و کوڵ و ئاهەنگێڕاندا گوتراوە.

هەروەها نموونەیەکی دیکەی گۆرانی ناوچەکە، دەربڕینی هەستی کچانی تازەپێگەیشتوو و شۆخ و شەنگە لەو کاتانەی، کە کوڕان عاشقیان بوونە و شەرمیان کردووە یا دوو دڵ و ترساون لە وەڵامی کچەکە و نەیانتوانیوە هەستی خۆیان پێ بڵێن و داوای خۆشەویستی و زەواج بکەن لە بەرانبەردا کچان ئەم جۆرە گۆرانییانەیان چڕیوە:

بەس وەرە و هەڕو جا لەبەر ماڵان
خۆ من شێتی تۆم بابی منداڵان
بەس وەرە و هەڕو بەس کە تەماشا
خوشکی حەوت برام بۆت دەکەم حاشا
بەسم لێ بگرە سەراو و کانی
بەسم لێ بنۆڕە لە دوورە بانی
بەس لە من بگرە سەران سویی بانی
حەز لە تۆدەکەم بە سەد قوڕئانی
لێم حەرام مەکە سەراو و کانی
بەس وەرە و هەڕۆ بەس خۆت بنوێنە
بەس بەندی عالەم بەسەر من بێنە[2]

هەروەها گۆرانییەکی دیکە، کە لە کاتی کارکردن و مەشکەژانددندا دەگوترێت، ئەوەیە:

(1) ئەم گۆرانییەمان وەرگرتووە لە بەڕێز:
✎ خدر حمد عبدالله ، ڕەزەوان ، گوندی بێگەڵاس ، قەزای پشدەر (قەڵادزێ) ، (٣)ی دوای نیوەڕۆی ٢٠١٥/٠٨/٢٥.
(2) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز: خدر ئیسماعیل ، دوکاندار ، قەڵادزێ ، (٨)ی شەوی ٢٠١٥/٠٨/٢٨.

**مەشكەژەنین**

**ماڵن دەشتە هەواران**

**دەگرین ڕۆنی بە باران**

**هەی ماڵە بابم مەشكێ**

**ماڵن دەشتە كوێستانان**

**ڕسق لەبۆ زستانان**

**بە پڕی هیزە و هەمبانان**

**هەی ماڵە بابم مەشكێ**

**مەشكە سورێ هانت بێ**

**سی سوار بە میوانت بێ**

**هەی ماڵە بابم مەشكێ**

**مەشكە سورێ بەخێرە**

**تێشتن نەخواردوە تێرە**

**مەشكن مەشكێ گیسكۆڵان**

**دەیژێنین لە خڕ و دۆڵان**

**تا كوڕن هەڵگرێ زەردۆڵان**

**هەی ماڵە بابم مەشكێ**

**مەشكم مەشكێ بزنێیە**

**كابانت دێنە سوێیە**

**مەشكن مەشكی كۆنەیە**

**ڕۆنی دەكات سۆنەیە**

**مەشكە سورێ وەی وەیە**

**چەندن دێنێ و دەبەیە**

**لە عامەلن دەكەیە**

**مەشكێ دەژێنم چەورە**

**لەبۆ میوانی سەر گەورە**

**هەی ماڵە بابم مەشكێ(١)**

**گۆرانی تایبەت بە كاری مەشكەژاندن زۆر زۆرن و لە هەر ناوچەیەكدا بە جۆرێك گۆرانی بۆ دەگوترێت، تەنانەت زۆرجار لە یەك ناوچەدا چەندین گۆرانی هەیە و هەریەكەیان جۆرە وەسفێكی تایبەتی هەیە بۆ ئەو كارە.**

---

**(١) وەرگیراوە لە بەڕێز:**

**✎ ئاجەرە ئەحمەد عەبدوڵلا ، ژنیماڵەوە ، گوندی شیوەڕەز ، قەزای پشدەر (قەڵادزێ) ، (٢)ی دوای نیوەڕۆی ٢٠١٥/١٠/٠٥.**

**چوارەم: مەتەڵ**

مەتەڵ بەشێکی دیکەی بەرهەم و ئەدەبی فۆلکۆرییە، کە لە نێوەرۆکیدا واتای شاراوە هەیە و لە شێوەی پرسیاری ئاڵۆز و لێڵدا، بە مەبەستی بزواندنی بیر و چۆنییەتی بیرکردنەوەی کەسانی دەوربەر و تاقیکردنەوەی چەندیەتی لێهاتووییان ئاراستە دەکرێت. بە شێوەیەکی گشتیش مەتەڵی فۆلکۆری کوردی بە شێوەی شیعر داڕێژراون و کێش و سەروایان هەیە، یان بە زۆری لە شێوەی پەخشان دانە، کە جار هەیە هەندێك لە مەتەڵە پەخشانییەکانیش خاوەن سەروان و لە دەقەکەیاندا پرسیار لە شتێك یان چەند شتێك دەکرێت، لەگەڵ پرسیارکردنەکەشدا هەندێك نیشانە و هێمای پەیوەست بە بابەتی پرسیارلێکراوەکە بە یاریدەی هونەر پێکچواندن دەردەبڕێت و دەخرێتەڕوو[1]، یان مەتەڵ ئەوەیە، کە پێکهاتووە ((لە چەند وشە و ڕستەیەکی کەم، یەکێك دایناوە بۆ زاخاوی مێشك؛ واتە بیری لە شتێك کردۆتەوە، ئەو شتەی خستۆتە قاڵبی چەند وشەیەکەوە ئەیپرسێتەوە لە کەسانی تر بۆ ئەوەی ئەوان بیری خۆیان بخەنە کار بۆ هەڵهێنانی))[2]، بەچەشنێك کاتێك کەسێك مەتەڵێك هەڵدەهێنێت، پێویستە خەڵکی دەوروبەری واتا شاراوەکە هەڵبهێنن و درکی پێ بکەن، ئەم لێڵییە نەهێڵن کە کەسەکە داویەتی بە کەرەستەکە یان ڕووداو یاخود ماددەکە، ئەوەی ئەم کارەشی کردبێت، وەکو زیرەك یان بیرتیژ سەیرکراوە.

لە دەڤەری پشدەریشدا بەرهەمێکی زۆری مەتەڵی فۆلکلۆریمان هەیە، کە لە کۆڕ و دانیشتن و گوێ ئاگردانەکان و شەوانەی شەوچەرە و درێژی زستاندا بۆ کات بەسەربردن و تاقیکردنەوەی یەکدی ئاراستەی یەکدی دەکرێن، کەواتە دەتوانین مەتەڵی کوردی بەگشتی و ناوچەکە بەتایبەتی لە ڕووی نێوەرۆکەوە بکەین بە دوو بەشەوە، بەشێکیان ئەو مەتەڵانەن، کە مەبەستدارن، بەشەکەی دیکەشیان ئەو مەتەڵانە دەگرێتەوە، کە بە تەنیا بۆ زاخاوی مێشك و خۆشی و پێکەنینن، لە هەردوو جۆرەکەشدا وردی و لێهاتووی خەڵکی ئێمە و ئاسۆی بیرکردنەوەیان دەردەکەوێت و نیشانەی زیرەکی مەتەڵ داهێن و مەتەڵ هەڵهێنمان بۆ دەردەخەن[3]، بە تایبەتی لەو کات و سەردەمانەی ژیان ئەوەندەی ئێستا پێشکەوتوو نەبووە، هۆی خۆشی و بەسەربردنی کاتی زیادەبوون، لێرەدا هەندێك مەتەڵی کوردی بە گشتی و ناوچەکە بە تایبەتی تۆماردەکەین:

١. هونەکەی هونە خواردنی هەیە گوو نا، پێستی هەیە موو نا. وەڵام: گەنە

٢. چەم نییە و چەماوە، بەردەمی گەنم و ئاوە. وەڵام: قەفەز

٣. هۆ کوڕی دەمە، مێردی دەمە، واهاتنەوە بابی دەوە و مێردی دەمە.

وەڵام: دوو کوڕ دوای ئەوە باوکیان بزربووە، ژن بە ژنیان بە دایکی خۆیان کردووە، بەڵام دواتر باوکیان گەڕاونەتەوە ئەمەیان گوتووە.

٤. دام لە دیوار بووبە هەزار. وەڵام: هەنار

٥. کڵاوی هەمزە پاڵەوان، نە تیکی هەیە، نە دروومان. وەڵام: هێلکە

٦. عەرەبێکی ڕەق و ڕووت، گێلمان گێلمانی دەگوت. وەڵام: هەور

---

[1] سەدرەدین نورەدین ئەبوبەکر (٢٠٠٥) ، بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی ، ل٣١٧.

[2] علاءالدین سجادی (١٩٧٨) ، دەقەکانی ئەدەبی کوردی ، ل١٦٣.

[3] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

أ. عیزەدینی مستەفا ڕەسول (١٩٧٠) ، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی ، چاپخانەی دارالجاحظ ، بەغدا ، ل١٦٠ — ١٦١.

ب. کامەران موکری (محەمەد ئەحمەد تەها) (١٩٨٤) ، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی ، ل ١٠٣.

٧. بی تەڕ تاڵە[١].          وەڵام: داری بی

ئەم مەتەڵە تەنیا بۆ خۆشی و کات بەسەربردنە، بە هۆی یاریکردن بە وشەوە، چونکە ((بی کە داری بییە هەر تاڵە، تەڕ بێ یا وشك بێ، بەڵام ئەو بۆ جوانی ڕستە و بۆ سەر لێ شێوان ئەڵێ بی تەڕ!))[٢].

**پێنجەم: یاری**

لە نێو کوردەواریدا ژمارەیەکی زۆر لە یاری بۆ کات بەسەربردن و چێژ لێوەرگرتن لە کۆنەوە هەبوون، کە بە کەرەستەی سادە و ساکار و بیرکردنەوەی ئەو قۆناغ و سەردەمانە ڕێکخراون و بەڕێوەچوون، هەروەها پێویستییەك بوون لە پێویستییەکانی جەستەیی و فکری ئەو قۆناغ و کاتانە، بەشێك لەو یارییانە تا ئەمڕۆکەش ماونەتەوە، بەڵام لەگەڵ گۆڕانی ژیان و پێشکەوتن و زیادبوونی کەرەستەکانی دیکەی کات بەسەربردن و ڕاهێنانی جەستەیی ئەم یارییانە بەرەو کەمبوونەوە چوون و یاری و بابەتی دیکە بوون بە جێگرەوەیان.

لە گوند و شارۆچکەکانی ناوچەی پشدەریش یاری جۆراوجۆری تایبەت بە کچ و کوڕ و منداڵ و گەنج و بە تەمەن هەبووە، کە لە کات و شوێنی جیاواز و بە کەرەستەی جیاواز ئەنجام دراون، لەو یارییانە: چاوشارکێن ، کەلایەن (هەڵماتێن) ، دامە ، نۆڕسکە ، سێڕسکە ، پیسپیسێن ، ساپساپێن ، کەڵەمستێن ، جۆقزە ، حەج حەجێن ، هێلکێن ، کڵاوکڵاوێن ، بەردبەردێن ، مروێن ، هەڵماقۆ ، هەلوکێن ، ڕەسمێن ، جۆرابێن ، زۆرانبازی ، ملانەگرتن ، ئەسپ سواری ...تاد.

ئەمانە و چەندان یاری دیکە هۆکار و کەرەستەی خۆشی بەخش و کات بەسەربردنی خەڵکی ناوچەکەبوون، کە بەشێکیان تا ئێستا ماون.

**شەشەم: چیرۆك یان حەکایەت**

چیرۆکی کۆن و پێشینانمان، کە ناوەکانی (حەکایەت) و (سەرگوزەشتە) و (نەقڵ)یشی بۆ بەکاردەهێنرێت، بەشێکی گەورە و سەرەکییە لە ئەدەب و بەرهەمی کەلەپوری و نەتەوەییمان و بەرهەمی پێشکەوتنی ژیان و بیرکردنەوەی ئادەمیزادە[٣]، سەردەمی پەیدابوونی بۆ قۆناغی بیرکردنەوەی مرۆڤ و ماڵ دانان و ماڵیکردنی ئاژەڵ و گیانلەبەرەکان دەگەڕێتەوە، بە شێوەیەکی گشتی زۆربەیان ((کۆمەڵێك ڕووداوی ڕاستەقینەن، خەیاڵ لە داڕشتنەوەیاندا ڕۆڵ دەبینێت، بەڵام گرنگ ئەوەیە لە چوارچێوەی ئەقڵدان، ئادەمیزاد کە دەیانبیستێت، لەگەڵیان تێکەڵ دەبێت، دەزانێت ئەو شتانەی بیستنی ڕاستن، ڕوویانداوە، یانیش دەشێت ڕووبدەن...))[٤] لە گرنگترین و دیارترین سیماکانی حەکایەتی فۆلکلۆری ئەوەیە، کە ((باسکردن و گێڕانەوەیەکی ئاساییە کە بە بێ گەڵاڵەیە و بە هیچ نەخشە و چوارچێوەیەك نەبەستراوەتەوە و زیاتر پاڵی بە بەسەرهات و باسکردن و گێڕانەوە

---

[١] ئەم مەتەڵە و ئەوانی پێشووترمان وەرگرتوون لە بەڕێز:
✎ حەسەن عەبدوڵڵا خدر ، شوفێر ، ناحیەی ژاراوە ، (٧:٣٠)ی شەوی ٢٠١٥/٠٩/٢٠.

[٢] علاءالدين سجادی (١٩٧٨) ، دەقەکانی ئەدەبی کوردی ، لا ١٦٧.

[٣] عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ (١٩٧٩) ، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی ، لا ٢٤ ، ٣٦.

[٤] سەلام ناوخۆش و ... ئەوانی دیکە (٢٠٠٩) ، کوردۆلۆجی ، لا١٣٤٤.

داوەتەوە))[1].

ئەم بەشەی ئەدەب و فۆلكلۆری كوردی بە بەراورد بە بەشەكانی دیكە زۆر دەوڵەمەند و زیندووە، تاوەكو ئێستاكەش لە نێو كوردەدواریدا بە تایبەتی لە ناوچە دوورەدەستەكاندا هەرماوە و گەرمكەر و ڕازێنەرەوەی كۆڕ و مەجلیسی شەوان و دەم ئاگردان و دیوەخانەكانن، لە دەڤەری پشدەریش بە تایبەتی لە گوندەكان چەندان حەكایەتمان هەیە، كە بە ژیانەوە لكاون و بە میراتی بۆمان ماونەتەوە و دەماودەم و دەگێڕڕێنەوە، كە ئەمانیش چەند جۆرێكن:

١. هەیانە بە دەم ئاژەڵ و گیانلەبەرانەوە دەگێڕڕێنەوە و پاڵەوانی سەرەكی چیرۆكەكان ئاژەڵن، ئەمانە بە زۆری بۆ منداڵانن، بە مەبەستی سوود پێگەیاندن و خۆشی و چێژ پێبەخشینیان، هەروەها بەو بابەتەش كە حەكایەتەكە چارەسەری دەكات منداڵان پەروەردە دەبن، تەنانەت گەورەكانیش لێوەی فێردەبن، لە نموونەی ئەو جۆرە چیرۆكانە چیرۆكی (مەڕۆكە و بزنۆكە)یە[2].
٢. جۆرێكی دیكە لە حەكایەت هەیە، كە ڕووداوێكی مێژوویی دەگێڕێتەوە، یاخود چۆنیەتی ژیانی فەرمانڕەوا و كەسایەتییەك لە ڕابردوودا نیشان دەدات، كە لە مێژوودا ناسراوبێت، ئەمانە زۆرتر لە جۆرەكانی دیكەی حەكایەت شەقڵی تایبەتی كورد و دەڤەری پشدەریان پێوە دیارە[3]، لە نموونەی ئەم و حەكایەتانە بەسەرهاتی (فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە ، شێخ فەرخ و شێخ باوەمەر...تاد)یە، وەك پاڵەوان و پیاوچاكی پشدەر.
٣. حەكایەتییش هەیە، بە زمانی گژوگیا و ڕووەك و ڕەگەزەكانی ئاووهەوا گوزارشت دەكەن، وەك نموونەیەك بۆ كۆڵنەدان و بەردەوامی و ڕاستگۆیی و وەفا.
٤. هەروەها حەكایەت هەیە، كە پاڵەوان و كەسایەتییەكانی مرۆڤی ئاساییە و زۆر وێنەی كۆمەڵایەتی و كاری جوان و خراپەمان نیشان دەدەن، كە شایانی گوێلێگرتن و فێربوونن.
٥. یەكێكی دیكە لە جۆرەكانی حەكایەتی فۆلكلۆری كوردی بە گشتی و ناوچەی پشدەر بە تایبەتی حەكایەتی پاشایەكانە، كە پاشا و خەڵكانی دەوریان، وەك ڕەمزی دەسەڵات دەردەكەن و چۆنیەتی ژیانی ئەوان، كە هەرچییەكی ویستویانە لە بەردەستیان بووە دەخەنەڕوو.

لە نموونەی ئەم جۆرە حەكایەتانە لە گوند و شارۆچكەكانی دەڤەری پشدەر چیرۆكەكانی (مشك و پشیلە ، پاشای وەجاغ كوێر ، گرەوی فەقێ و شازادە ، ئەحمەد پاشا و ئەژدیها ، شاژنی عەیار ، سوڵتان مەحمود و ژنەكانی ، ... تاد.)[4]ن، كە دەماودەم لە ناوچەكەدا دەگێڕڕێنەوە و بە میراتی نەوە بە نەوە ماونەتەوە، بەڵام سنووری باسەكەی ئێمە ڕێگە بەوەنادات نموونەی ئەم چیرۆكانە تۆماربكەین.

[1] ئیراهیم یونسی (٢٠٠٥) ، گوڵبژێرێك لە هونەری چیرۆك نوسین ، وەرگێڕانی: نەبەز جەهانگیر پور ، چاپی یەكەم ، چاپخانەی چوارچرا ، سلێمانی ، لا١٠٢.

[2] سەلام ناوخۆش و ... ئەوانی دیكە (٢٠٠٩) ، هەمان سەرچاوە و لاپەڕە.

[3] عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ (١٩٧٩) ، لێكۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلكلۆری كوردی ، لا٢٩ – ٣٠.

[4] بۆ خوێندنەوەی ئەم چیرۆكانە سەیری ئەم سەرچاوەیە بكە:

✎ ڕێبوار بەكرەجۆیی (٢٠٠٨) ، چەند چیرۆكێكی فۆلكلۆریی ناوچەی پشدەر، لە زاری: خدر شێخ ئەحمەد ، ئینستیتۆتی كەلەپوری كورد ، چاپی یەكەم ، چاپخانەی ئاراس ، هەولێر.

**حەوتەم: پەندی پێشینان**

پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی باب و باپیرانمان سامانێکی لە بن نەهاتووە و بەڵگە و ڕووناککەرەوەی قسە و باسەکانن، زۆرجاریش بەو پەند و قسانە ((ڕەخنە ئەگیرێ، لە ناتەواوییەکی سیاسی یا کۆمەڵایەتی، یا ڕەوشت و خویی، بێ ئەوەی کەس بترسێ لە زۆرداریێکی ستەمکار، یا لە سەرۆکێکی دەوڵەتی، چونکە خاوەنی پەندەکە، ون و نادیارە، وەکەس نازانێ کێیە))[1]، جگە لەوەش چەند مانا و مەبەستێك دەبەخشن، هەروەها لە ڕووی پێکهاتنیشەوە، پێکهاتوون لە ((چەند قسەیەکی کورتی کوردی کە واتایەکی بەرزیان هەیە. ئەم پەندانە لە ڕۆژگارێکی زۆر کۆنەوە بە کەلەپوور بۆمان ماونەتەوە. لەم پەندانەدا چۆنیەتیی ژیان و ڕێ و ڕەوشت و بیروبڕوای کۆنی نەتەوەی کوردمان لە باری کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ماڵداریدا بۆ دەردەکەوێ))[2]، هەر پەند و قسەیەکیش بەسەرهات و بۆنە و چیرۆکی تایبەتی خۆی هەیە، یا ڕووداوێك لە پشتییەوەیە و ((پشتاوپشت ئەگێڕێتەوە، لەبەر جوانی و ڕێك و پێکی خۆی، تا نموونەی ئەو شتەی کە پەندەکەی تیا وتراوە، ڕوو ئەداتەوە، ئەو حەلە خاوەن مەبەس پەندەکە ئەخوێنێتەوە، بۆ بەهێزکردنەوەی قسەکەی، یا ڕووناك کردنەوەی باسەکەی))[3]، هەروەها ئەم پەند و باسانە ((لای گەلانی سەرەتایی فەلسەفەی ڕاستەقینەی بە خۆوە گرتووە، و هەموو ڕووداوێکی ژیانی مرۆڤ بە چاك و خراپییەوە دەخاتەڕوو))[4] و نیشاندەری ڕەوشت و داب و نەریتی نەتەوە و ناوچەکەیە.

تاوەکو لە نێو کۆڕ و مەجلیسەکاندا زۆرتر دابنیشیت و گوێ بگریت، پەندی زیاتر و نەبیستراو دەبیستیت، ناوچەی پشدەریش بەهۆی هەڵکەوتە جوگرافییەکەی و ژینگە و کار و ڕووداوە جۆربەجۆرەکانی لە پێشەوەی ناوچەکانی دیکەدایە و خاوەنی سامانێکی زۆری ئەو بوار و مەیدانەیە و زۆربەیان باسی ئەو دیاردانە دەکەن کە لە ناو کۆمەڵی کوردەواریدا هەیە، وەك: ئاو ، ڕووبار ، جۆگە ، سەپان ، گاوان ، باووباران ، شاخ و کێو ، مشك ، جەواڵ ، بێستان و کشتوکاڵ ، کەر ، مەڕ ، گوێلکە ، کاسب ، ماڵداری و کابانی...[5]، لێرەدا چەند نموونەیەك لە پەندی بەکارهاتووی دەڤەری پشدەر تۆمار دەکەین:[6]

- بێستانی ساوا فریای ساحەبی ناکەوێت.
- شەندە لە مەندەی کەمتر نییە.
- کاسبکەرت بمرێت، بەڵام مشورخۆرت نەمرێ.
- نە کەرە، نەبارە، بار بە هەردووك لایاندا ئی خوارە، کاکەڕەش زۆر ئی سوارە.

---

[1] شێخ محەمەدی خاڵ (٢٠٠٧) ، پەندی پێشینان ، لا٩.

[2] سدیق بۆرەکەیی (سەفی زادە) (٢٠٠٨) مێژووی وێژەی کوردی ، بەرگی یەکەم ، لا٣٦٦.

[3] شێخ محەمەدی خاڵ (٢٠٠٧) ، پەندی پێشینان ، لا٨.

[4] عەبدولواحید موشیر دزەیی (٢٠١١) ، کوردۆلۆجی ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی پاك ، هەولێر، لا٩٩.

[5] ڕۆژان نوری عبداللە (٢٠٠٧) ، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی ، چاپی یەکەم ، لە بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا ، لا٢٢٠ — ٢٢١.

[6] ئەم پەندانەمان وەرگرتوون لە بەڕێز:

✍ حەمەد مەحمود ، جوتیار ، گوندی بەردکوران ـ ناحیەی سەنگەسەر (ناودەشت) ، (٢:٣٠)ی دوای نیوەڕۆی ، ٢٠١٥/١٠/٠٢.

- داوەت بە دڵبریندارن چی؟!
- کەر بە پەتکی دەبەسترێتەوە، زەلامیش بە قسە.
- کەر سەد جاشکی ببێت باری هەر لە خۆیە.
- کەچەڵی بە تۆبزی بنێرییە مازوان، دەدارێ هەڵناڕوانێ.
- گوێلکۆلەی خۆماڵی بە گا نابێت.

**هەشتەم: گاڵتەوگەپ**

گاڵتەوگەپ، کە نوکتە یاخود قسەی خۆشیشی پێدەگوترێت، گێڕانەوەیەك یا ڕستە و پەڕەگرافێکی گاڵتەئامێز و کۆمیدیایە، ((بە واتای ئەو مەسەلە وردە دێت، کە لە گۆشەنیگایەکی ورد و قووڵ و ئامانجێکی دیاریکراوەوە دروست دەکرێ))[1]، بە مەبەستی خۆشی و پێکەنین، یان ڕەخنەگرتن لە دیاردە و بوارە جۆربەجۆرەکانی ژیان، یاخود کەسایەتی و بەرپرسێك، بە واتایەکی دیکە، دەتوانین بڵێین: ((نوکتە گێڕانەوەیەکی کورتە، شێوازێکی کۆمێدی و گاڵتەئامێزی هەیە ... باس لە گشت بابەت و بوارەکانی ژیان دەکاتەوە و زیاتر ئەو بابەتانە بە خۆیەوە دەگرێت، کە قەدەغە و تابۆن))[2]، لە ڕێگەی گاڵتە و قسەی کۆمیدییەوە، بۆ ئەوەی بەرپرسیاریەتی ئیتیکی و یاسایی نەکەوێتە سەر نوکتەگێڕەرەوە و سزای یاسایی نەدرێت، یاخود زۆرجار ((قسەی خۆش بە دەم یەکێکەوە ئەگێڕرێتەوە، جا یا حیکایەتەکە دەربارەی تاقە کەسێك یا چەند کەسێکە، ئەو کەسە، یا ئەو چەند کەسانە زۆر جار هەیە ناسراون لە ژیانی ئەمڕۆ یا دوێنێی خەڵکدا، یا لە مێژووی گەلێکدا یا کەسێ دان کە ناو و شوێنەواریان نەماوە، یا کەسی خەیاڵین))[3]، ئەم کارەش هەر بۆ کەمکردنەوەی بەرپرساریەتی نوکتەگێڕەوەیە، هەروەها بە سەرنجدان و تێبینیکردن بۆمان دەردەکەوێت، کە مەرج نییە ((قارەمانی گاڵتەوگەپ هەر ئادەمیزاد بێ، گەلێ جارلە زمان دڕندە و ئاژەڵ و باڵندەوە کورتە چیرۆکێك ئەگێڕرێتەوە کە مەبەستەکە دەربڕینی بیروباوەڕێکی ڕامیاری و کۆمەڵایەتییە بەڵام لەسەر زمانی ئەو گیانلەبەرانە ئەخرێتەڕوو، سا یا لەبەرئەوەی چێژی گاڵتەئامێزیی خۆشتر بێ وەیان ویستراوە بە شێوەیەکی ڕەمزی دەربڕێت لەبەر باری ژیانی ئەو کات و سەردەمە))[4].

دەربارەی مێژووی نوکتە ئەوا لە نێو میللەتاندا مێژوویەکی کۆنی هەیە، بە هەمان شێوەش لە لای میللەتی کورد بەگشتی و دەڤەری پشدەریش هەر لە کۆنەوە هەبووە، بەو واتایەی گاڵتە و گەپ وەك بەشێك لە بەشەکانی ئەدەبی فۆلکلۆری مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە، بەو جۆرەی کە وای لێهاتووە نوکتە گێڕانەوە بووەتە پیشەیەکی وەها، هەموو تاکێکی ناوچەکە لە مناڵ و گەنج و پیر دەتوانێت ئەم کارە بۆ غەم ڕەوێنی و کات بەسەربردن و خۆشی و شادی دڵی یەکدی، یان مەبەستێکی دیاریکراو بکات، یاخود بە هۆی نوکتە و گاڵتەوگەپەوە دەروونی خۆی و دەوروبەرەکەی لەو هەموو گیروگرفت و ئازارانەی لەسەریەتی ڕزگار بکات.

جیاوازیی گاڵتە و گەپ لە چەشنەکانی دیکەی ئەدەبی فۆلکلۆری ئەوەیە ((کە بە تەواوی لە نێوان ئەدەبی

---

[1] سەلام ناوخۆش و ... ئەوانی دیکە (٢٠٠٩) ، کوردۆلۆجی ، لا١٣٩.

[2] عەبدولواحید موشیر دزەیی و شێرزاد صەبری عەلی (٢٠١٣) ، زمانەوانی سیاسی ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی هێڤی ، هەولێر، لا١٤٩.

[3] عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ (١٩٧٩) ، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی ، لا١٦٨.

[4] کامەران موکری (محەمەد ئەحمەد تەها) (١٩٨٤) ، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی ، لا٨٢.

فۆلكلۆری و ئەدەبی نووسراودا هاوبەشە، واتا لە هەردوو ئەدەبەكەدا هەیە و وە لە ئەدەبی فۆلكلۆریشەوە بە ئاسانی ئەچێتە ناو ئەدەبی نووسراوە و، بە پێچەوانەشەوە لەویشەوە بە ئاسانی دێتە ناو ئەمەوە))[1]، بە تایبەتی لە ئەمڕۆی دنیای پێشكەوتن و جیهانی فرەوانی چاپ و ڕاگەیاندن و تەكنەلۆژیادا، كە بە ئاسانی نوكتە لە ناوچەیەكەوە بۆ ناوچەیەكی دیكە لە ڕێگەی هۆكارەكانی پێوەندیكردن و تۆڕەكۆمەڵایەتییەكانەوە دەگوازرێتەوە، بۆیە نوكتەكان كەمتر شەقڵی ناوچەییان پێوەدیارە، زۆربەی خەڵكی دەماودەم دەیانگێڕنەوە و مۆركێكی گشتیتریان بۆ سەرنج ڕاكێشانی خەڵكی و ئاسودەكردنی ناخیان وەرگرتووە، بە وێنە نوكتە و قسەخۆشەكانی (مەلای مەشهور) نەك هەر لە ناو كورددا، بەڵكو لە نێو وڵاتانی دراوسێش هەن و دەگێڕڕێنەوە، زۆر قارەمانی كۆمیدیای لەم جۆرە هەن، كە نوكتەكانیان لە ناوچەیەكی بچوكەوە بەرەو ناوچەیەكی گەورە سنوریان بەزاندووە، هەروەها ڕۆژانە و بە بەردەوامی نوكتەی نوێ دێنەكایەوە، بۆ ناوچەی پشدەریش هەروایە بۆیە ناتوانین بە هۆكارێكی دیاریكراو گاڵتەوگەپ یا قسەخۆشەكانی ئەو ناوچەیە لە ناوچەكانی دیكە جیابكەینەوە، نوكتە بە شێوەیەكی گشتی لە ڕووی نێوەرۆكەوە خزمەتی خەڵك دەكات، بە چەند مەبەستێك، كە بریتین لە:

١. خەمڕەوێنی دەوروبەر و بەسەربردنی كاتێكی خۆش.
٢. دەربڕینی ئازار و دەردە پەنگخواردووەكانی ناخ و داواكردنی ئامانج و نیازەكان.
٣. سوود و پەند وەرگرتن لە نێوەرۆكەكەیان

لە ڕووی فۆڕمیشەوە یان لە شێوەی گفتوگۆیەكی كورتی نێوان دوو كەسدایە، یا لە فۆڕمی كورتە چیرۆكێكی كورتدایە[2].

لێرەدا نموونەیەك لە گاڵتەكانی مەلای مەشهور دەخەینەڕوو:

دەگێڕنەوە دەڵێن جارێك:[3]

- كابرایەك لە مەلای شەهور (مەلا مەزبور)ی، دەپرسێت:، كەی ڕۆژی قیامەتە؟
- مەلا دەڵێت: كام قیامەت؟
- كابرا دەڵێت بۆ قیامەت چەندە؟
- مەلاش لە وەڵامدا دەڵێت: ئەگەر ژنەكەم بمرێت، ئەوا قیامەتی بچوكە، ئەگەر خۆم بمرم ئەوا قیامەتی گەورەیە.

ئەم نوكتەیە گفتوگۆی نێوان دووكەسە، لەڕووی نێوەرۆكیشەوە ئەم سەرنج و بیرەی مەلای مەشهور ئەگەر دەربارەی ئازار و ناخۆشی و زیانەكانی ژیان نەبێت دەبێت چی بێت؟ ژن مایەی خۆشی و ئاوەدانیماڵە، لە دەستدانی وێرانبوون و بێتاقەتی پێوەیە، كۆسپێكی گەورەیە، مردنی مرۆڤیش گومانی تێدا نییە، كە گەورەترین زیانە، وەك ئەوەی كە زۆرجار دەگوترێت: (تەنیا مردنە زەرەرە).

---

[1] كامەران موكری (محەمەد ئەحمەد تەها) (١٩٨٤) ، ئەدەبی فۆلكلۆری كوردی ، لا٩٩.

[2] سەلام ناوخۆش و ... ئەوانی دیكە (٢٠٠٩) ، كوردۆلۆجی ، لا١٤٠ – ١٤١.

[3] ئەم نوكتەیە وەرگیراوە لە:

محمدامین عصری (١٩٨٥) حكایەتی مەلای مەشهور ، بەرگی دووەم ، طبع مطبعة السندباد ، بغداد ، لا١٨٢.

## ئەنجامەکان

**ئەنجامە هەرە درشت و بەرچاوەکانی توێژینەوەکەمان، بریتین لە ئەمانەی خوارەوە:**

**١. ئەدەبی فۆلکلۆری و ڕەگەزەکانی لە نێو میللەتی کورددا مێژوویەکی درێژیان هەیە و بە جۆرێك لە لای خەڵکی بڵاوبوونەتەوە، کەم کەس هەیە شتێك دەربارەی فۆلکلۆری نەتەوەکەی خۆی نەزانێت و نەیگێڕێتەوە.**

**٢. بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان گەنجینەیەکی دەوڵەمەندی پڕ زانین و زانستن بۆ ناوی شوێن و کەسایەتی و داب و نەریتی نەتەوە و ناوچە جیاجیایەکان و دەگونجێت توێژەرانی بوارە جیاجیایەکان سوودیان لێ ببینن.**

**٣. ناوچەی پشدەر بە هۆکاری جوگرافی و بار و گوزەرانی ژیانی تایبەتی خەڵکی ناوچەکە، مەڵبەندێکی دەوڵەمەندی فۆلکلۆرە و سەربارەی ئەوەی کە بەرهەمی هاوبەشی لەگەڵ ناوچەکانی دیکەدا هەیە، ئەوا بەرهەمی تایبەت بە خۆشی هەیە.**

**٤. هەندێك لە بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان بە جۆرێك بڵابوونەتەوە، کە سنووری وڵاتانیان بەزاندووە و لە بەرهەمی ناوچەیەکی دیاریکراوەوە بوونەتە بەرهەمی هاوبەش، واتە هەندێك لە بەرهەمەکانی ناوچەکە هاوبەشن و لە زۆربەی ناوچەکان دەگێڕرێنەوە.**

**٥. بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان سەربارەی ئەوەی، کە چۆنیەتی ژیان و مێژوو و شارستانیەتی نەتەوەیەك دەخەنەڕوو، دەبنە چرا و ڕێنیشاندەر بۆ نەوە یەك لە دوای یەکەکان و پەند و ئامۆژگاریان لێ وەردەگرن، چونکە لە دەروون و دڵی خەڵکیدا لە هەموو شتێك کاریگەرترن.**

**٦. خەڵکی ناوچەکە لە گۆرانی گوتندا بەهرە و توانستێکی تایبەتیان هەیە، کە زۆر بە سۆز بەسەر کچ و کوڕ، سروشت، خۆشی و ناخۆشی و ئیشوکارە جۆراوجۆرەکاندا هەڵدەڵێن.**

**٧. داستانە فۆلکلۆرییەکان لە ڕووی نێوەرۆکەوە دوو جۆرن، قارەمانی و دڵداری، هەرچی قارەمانیشە دەبێتە دوو بەش، بەشێکیان ئەوانەن، کە لە گێڕانەوەدا تێکەڵ بە خەیاڵ دەکرێن، بەشەکەی دیکە ئەو داستانانە دەگرێتەوە، کە وێنەی ئازایەتی و قارەمانی وەك خۆیان نیشان دەدەن.**

**٨. نوکتە و گاڵتەوگەپە کوردییەکان بەگشتی و هی دەڤەرەکە لە ڕووی فۆرمەوە دوو جۆرن، هەندێکیان لە شێوەی کورتە چیرۆکدان، هەندێکیشیان لە شێوەی پرسیار و وەڵامدان.**

**٩. بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان سەربارەی بابەتی مێژوویی و پەند و ئامۆژگاری، چەندین بابەتی خۆش و چێژبەخش و کات بەسەربەر و بیر و مێشك بزوێنیان بۆ کات و تەمەنە جیاوازەکانیان تێدایە و خزمەت بە هەموو چین و توێژەکان دەکەن.**

**١٠. بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان سەرچاوەیەکی سەرەکین بۆ ئەدەبی نووسراو و سیستەمێکی ئاڵوگۆڕی بەهێز لە نێوانیاندا هەیە.**

## پێشنیاز

لەبەر کەمیی ماوە و سنووری توێژینەوە، هەندێك لەو لایەنانەی، کە لە توێژینەوەکە و توێژینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری و بابەتە جۆراوجۆرەکانی بە ناتەواوی ماونەتەوە، هەروەها ئەو کارانەی، کە پێویستە لە داهاتوودا بۆ فۆلکلۆری کوردی بکرێن، لە شێوەی پێشنیازدا تۆماردەکەین:

١. کۆکردنەوەی بابەت و کەرەستەی فۆلکلۆری ناوچە جیاجیاکان لە لایەن دەزگا پێوەندیدارەکانەوە، کە ڕۆژگارانی مێژوو لە کون و کەلەبەرەکاندا حەشاریان داوە و پاراستنیان لە مۆزەخانەیەکی تایبەتیدا.

٢. کاراکردنی کۆمەڵەی فۆلکلۆرپەروەران و هاندانی شارەزایانی ئەو بوار و مەیدانە بۆ نووسین و توێژینەوە، جا چ کاری تاکە کەسی بێت، یان لە لایەن کۆمەڵە و دەستەیەکەوە بێت، هەروەها ساڵانە ڕێز لە چەند کەسێکی خەمخۆری ئەو بوار و مەیدانە بگیرێت.

٣. لە بەشی کوردیی زانکۆکان و بەشە پێوەندیدارەکانی دیکە وانەی فۆکلۆر بکرێتە وانەیەکی سەرەکی و هانی توێژینەوە (بە تایبەتی خوێندنی باڵا) بۆ بابەت و ڕەگەزە جۆربەجۆرەکانی ئەدەبی فۆلکلۆری بەگشتی و ناوچە جیاوازەکان بدرێت.

٤. هەوڵی وەرگێڕانی داب و نەریت و بابەتە فۆلکلۆرییەکان بۆ زمانانی دیکە بە تایبەتی زمانە زیندووەکان بدرێت، چونکە ئەوانە ناسنامە و شارستانیەتی نەتەوەکەمانن، هەروەها لێتوێژینەوە و بەراوردکردنی ئەو سەرچاوانەی، کە ڕۆژهەڵاتناسان لە بارەی فۆلکلۆری کوردییان نووسیون.

٥. لە پێناوی پێناسەکردنی بابەتیانە و دەرخستنی تایبەتمەندی و چەشنەکانی بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان، توێژینەوەکان دەتوانن پشت بە بۆچوونی زانا و شارەزا بیانییەکان و ڕێبازە نوێیەکانی توێژینەوەی ئەو بوار و مەیدانە ببەستن، لەگەڵ سوود بینین لە ئامێر و تەکنیکی پێشکەوتووی ئەم سەردەمە.

٦. پێوەندیی پتەوی ئەدەبی فۆلکلۆری بە زانستیەکانی دیکەوە دەتوانێت زۆر لایەنی شاراوەیی ژیان و مێژوو و کۆمەڵایەتی و جوگرافی .... تاد. وڵاتەکەمان بۆ ئاشکرا بکات، ئەم کارەش بە توێژینەوەی زانستی هاوبەش و هەمەلایەنە دێتەدی.

٧. زیندووکردنەوەی بۆنە و نەریت و یارییە فۆلکلۆرییەکان، بە دامەزراندنی دەستە و تیپی تایبەت بۆ پێشکەشکردنی چالاکییەکانیان لە ناوەوە و دەرەوەی وڵاتدا.

٨. سازدانی کۆنفرانس و ڤیستیڤاڵی ساڵانەی تایبەت بە فۆلکلۆر و دەرکردنی گۆڤار و ڕۆژنامەی تایبەت، بۆ ناساندن و تۆمارکردنی بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان.

٩. بوونی فرە زاراوەیی بۆ ڕەگەزە جۆربەجۆرەکان، وەك (پەند ، قسەی نەستەق)، یان (داستان ، پۆیەم ، بەیت...) (چیرۆك ، سەرگوزەشتە ، حیکایەت...)، کە یەك چەمکی لە یەکەوە نزیکیان هەیە، ئاڵۆزی و سەر لێشێوانی لێدەکەوێتەوە، بۆیە پێشنیازدەکرێت هەوڵی دیاریکردنی زاراوەی لەبار بۆ یەکە یەکەی بابەت و ڕەگەزەکان بدرێت، بە لە بەرچاوگرتنی بنەماکانی زانستی زاراوەسازی.

١٠. دەستنیشانکردنی بنیاتی واتایی و سینتاکسی پەندی پێشینان و گۆرانی و مەتەڵ...تاد. ، بە پشت بەستن بە قوتابخانە و ڕێبازە نوێیەکان، کە گەلێك شێوە و وێنەی جۆربەجۆریان هەیە، بە شیکردنەوەی ورد و بابەتیانە دەدۆزرێنەوە و سوودێکی زۆر بە زمانەکەمان و توێژینەوە زمانەوانییەکان دەگەیەنن.

١١. دەستنیشانکردنی کات و شوێن، کەسایەتی حەکایەت و داستان و ئەفسانە فۆلکلۆرییەکان زۆر لایەنی

شاراوەی مێژووی نەتەوەکەمان ڕووناك دەکاتەوە، ئەمە سەربارەی ئەوەی سوودێکی زۆر بە توێژینەوە و لایەنە ئەدەبییەکەش دەگەیەنێت و بۆی هەیە یارمەتییەکی گونجاو بێت بۆ دەستنیشانکردنی چەند سیستەمێکی باسنەکراو.

## سەرچاوەکان


یەکەم: بە زمانی کوردی

١. **ئومێد ئاشنا** (٢٠٠٧) ، شێوە و ناوەڕۆك ، چاپی یەکەم دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس ، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس ، هەولێر.

٢. **ئیبراهیم یونسی** (٢٠٠٥) ، گولبژێرێك لە هونەری چیرۆك نوسین ، وەرگێڕانی: نەبەز جەهانگیر پور ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی چوارچرا ، سلێمانی.

٣. **ڕۆژان نوری عبدالله** (٢٠٠٧) ، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی ، چاپی یەکەم ، لە بلاوکراوەکانی خانەی چاپ و بلاوکردنەوەی چوارچرا.

٤. **ڕێبوار بەکرەجۆیی** (٢٠٠٨) ، چەند چیرۆکێکی فۆلکلۆریی ناوچەی پشدەر، لە زاری: خدر شێخ ئەحمەد ، ئینستیتۆتی کەلەپوری کورد ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی ئاراس ، هەولێر.

٥. **ڕێبوار سیوەیلی** (٢٠٠١) ، کتێبی نالی ، چاپی یەکەم ، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی موکریانی ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر.

٦. **سدیق بۆرەکەیی (سەفی زادە)** (٢٠٠٨) مێژووی وێژەی کوردی ، بەرگی یەکەم ، چاپی دووەم ، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس ، چاپخانەی دەزگای ئاراس ، هەولێر.

٧. **سەدرەدین نورەدین ئەبوبەکر** (٢٠٠٥) ، بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی ، بەرگی یەکەم ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری ، هەولێر.

٨. **سەلام ناوخۆش و ... ئەوانی دیکە** (٢٠٠٩) ، کوردۆلۆجی ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی منارە ، هەولێر.

٩. **شێخ محەمەدی خاڵ** (٢٠٠٧) ، پەندی پێشینان ، چاپی چوارەم ، چاپخانەی شڤان ، سلێمانی.

١٠. **علاوالدین سجادی** (١٩٧٨) ، دەقەکانی ئەدەبی کوردی ، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ، بەغدا.

١١. **عەبدولواحید موشیر دزەیی** (٢٠١١) ، کوردۆلۆجی ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی پاك ، هەولێر.

١٢. **عەبدولواحید موشیر دزەیی و شێرزاد صەبری عەلی** (٢٠١٢) ، زمانەوانی سیاسی ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی هێڤی ، هەولێر.

١٣. **عیزەدینی مستەفا ڕەسول** (١٩٧٠) ، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی ، چاپخانەی دارالجاحف ، بەغدا.

١٤. **عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ** (١٩٧٩) ، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی ، چاپی دووەم ، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی.

١٥. **کامەران موکری (محەمەد ئەحمەد تەها)** (١٩٨٤) ، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی ، بەشی یەکەم، لە بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین لە چاپ دراوە.

١٦. **کەمال میراودەلی** (٢٠٠٥) ، فەلسەفەی جوانی و هونەر (ئیستاتیکا) ، چاپی دووەم ، خانەی چاپ و

بڵاوكردنەوەی (قانع) ، سلێمانی.

١٧. **مارف خەزنەدار** (٢٠١٠) ، مێژووی ئەدەبی كوردی ، بەرگی یەكەم ، چاپی دووەم ، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس ، چاپخانەی ئاراس ، هەولێر.

١٨. **محمدامین عصری** (١٩٨٥) حكایەتی مەلای مەشهور ، بەرگی دووەم ، گبع مگبعە السندباد ، بغداد.

دووەم: بە زمانی عەرەبی

١. **أحمد رشدی صالح** (١٩٧١) ، الادب الشعبی ، الگبعه الاولی ، منشورات مكتبه النهچه المصريه.

٢. **حاج صدوق لینده** (٢٠١٢) ، الابداع الفلكلوری علی چوو قانون الملكيه الفكريه ، رساله الماجستير ، كليه الحقوق ، جامعه الجزائر.

٣. **عزالدين مصگفی رسول** (٢٠١١) ، دراسه فی الادب الكردی ، من منشورات الاكاديميه الكرديه، مگبعه الحاج هاشم ـ أربيل.

٤. **محمد الجوهری** (٢٠٠٦) ، مقدمه فی دراسه التراپ الشعبی المصری ، الگبعه الاولی ، دارالمعارف ، القاهره.

٥. **نبيله ابراهيم** (١٩٧٢)، أشكال التعبير فی الادب الشعبی ، منشورات مكتبه النهچه المصريه.

سێیەم: بە زمانی فارسی

١. **داريوش شايگان** (بەبێ ساڵ) ، بت های ژهنی خاگره ازلی ، چاپ اول ، سپهر ـ تهران.

٢. **مرچا الياده** (١٣٦٢) ، چشم اندازهای اسگوره ، ترجمه: جلال ستاری ، تهران.

چوارەم: بە زمانی ئینگلیزی

١. **Dundes, A**. (١٩٦٥), The study of Folklore, Englewood Cliffs: N. J. Prentice Hall.

٢. **Islam, M** (١٩٨٥), Folklor plus of the people: In the context of Indic Folklor, Concept publishing Company.

چاوپێكەوتنەكان:

١. **ئاجەرە ئەحمەد عەبدوڵڵا** ، ژنی ماڵەوە ، گوندی شیوەڕەز ، قەزای پشدەر (قەڵادزێ) ، (٢)ی دوای نیوەڕۆی ٢٠١٥/١٠/٠٥.

٢. **ئایشە حەسەن ئیبراهیم** ، ژنی ماڵەوە ، ناحیەی سەنگەسەر ، (٨)ی شەوی ٢٠١٥/٠٩/١٠.

٣. **حەسەن عەبدوڵڵا خدر** ، شوفێر ، ناحیەی ژاراوە ، (٣٠:٧)ی شەوی ٢٠١٥/٠٩/٢٠.

٤. **حەمەد مەحمود** ، جوتیار ، گوندی بەردكوران ـ ناحیەی سەنگەسەر (ناودەشت) ، (٣٠:٢)ی دوای

نیوەڕۆی ، ٢٠١٥/١٠/٠٢.

٥. **خدر ئیسماعیل** ، دوکاندار ، قەڵادزێ ، (٨)ی شەوی ٢٠١٥/٠٨/٢٨.

٦. **خدر حەمەد عەبدوڵلا** ، ڕەزەوان ، گوندی بێگەڵاس ، قەزای پشدەر (قەڵادزێ) ، (٣)ی دوای نیوەڕۆی ٢٠١٥/٠٨/٢٥.


**پوختەی توێژینەوەکە**

توێژینەوە دەربارەی ئەدەبی فۆلکلۆری گرنگی و بەهای خۆی هەیە، بە تایبەتی ئەگەر دەربارەی بابەتە فۆلکلۆرییەکانی ناوچەیەکی دیاریکراو بێت، وەکو ناوچەی پشدەر، کە ناوچەیەکی سەخت و دوورە دەستە.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ ناساندن و نیشاندانی فۆلکلۆر و تایبەتییەکانی لەو دەڤەرەدا، چونکە ئەگەر سەیری توێژینەوەکانی پێشووتر بکەین، دەبینین لە ڕووی ئەکادیمییەوە توێژینەوەی تایبەت دەربارەی ئەدەبی فۆلکلۆریی ئەم ناوچەیە نەکراوە، لەبەر ئەوە بە لای ئێمەوە جێگەی بایەخ پێدان بوو.

**توێژینەوەکە لە پێشەکی و دوو تەوەرە پێکهاتووە:**

لە تەوەرەی یەکەمدا هەوڵماندا‌وە لایەنی تیۆری بابەتەکە لە ڕووی پێناسە و زاراوەی فۆلکلۆر و گرنگترین تایبەتی و خاسیەتەکانی، لەگەڵ گرنگی و سوودی بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان نیشان بدەین، لە تەوەرەی دووەمیشدا گرنگترین ڕەگەزە فۆلکلۆرییەکانی دەڤەرەکەمان بە ناساندن و نموونەی پێویست خستووەتەڕوو.

لە کۆتاییشدا، گرنگترین ئەنجامە بەدەستهاتووەکان و چەند پێشنیازێك بۆ خزمەتی فۆلکلۆر بە گشتی و توێژینەوەکانی داهاتوو، لەگەڵ لیستی سەرچاوەکان خراونەتەڕوو.

## ملخص البحث

من البديهي أن لدراسة الأدب الفولكلوري أهمية وقيمة كبيرة، خاصة إذا كانت حول المواضيع الفولكلورية لمنطقة معينة مثل منطقة ثشدر والتي تقع في منطقة جبلية قاصية.

لذلك تعتبر هذه الدراسة محاولة متواضعة لتعريف وابراز الأدب الفولكلوري ومميزاته في هذه المنطقة أخذة بنظر الاعتبار ان الأدب الفولكلوري في هذه المنطقة لم تدرس بصورة أكاديمية سابقا، و كان هذا هو المشجع الأساس لنا لهذه الدراسة.

**وتتكون الدراسة من المقدمة ومبحثين:**

ففي المبحث الأول، حاولنا توضيع الفولكلور من حيث التعريف والمصطلح وأهم مميزاته ومنافعه وأهميته، أما المبحث الثاني فهو يبحث عن العناصر الفولكلورية للمنطقة معرفا وعرضاً للأمثلة اللازمة.

وفي الختام قمنا بعرض أهم النتائج وقدمنا بعض المقترحات للدراسات القادمة ولخدمة الفولكلور بصورة عامة، إضافة إلي قائمة بأهم المصادر والمراجع.



## Abstract

The research regarding folklore's literature has its own value, especially if it is about a particular region's folklore subjects, such as Pishdar which is a remote mountainous area.

This study is an attempt to introduce and demonstrate folklore's features at that area and has acquired special attention because through examining the previous researches, it can be noticed that folklore literature has remained uninvestigated in this area .

**The study consists of two sections:**

In the first section, it has been tried to present some theoretical backgrounds of the topic, such as definition and analysis of folklore's term, its most significant features and specifications, and the advantages of folklore literature.

In the second section, the folklore's most considerable components with required examples at that area have been illustrated.